# تحليل جغرافي لنمو السكان في مدينة كلار خلال فترة (١٩٧٧-٢٠٢٣)

الان حكيم محمد

alan.hakeem@garmian.edu.krd

القسم الجغرافية ، الكلية العلوم الإنسانية، الجامعة السليمانية، المدينة السليمانية، اقليم كوردستان – عيراق

سروه جلال حمه

srwa.hama@univsul.edu.krd

القسم الجغرافية ، الكلية العلوم الإنسانية، الجامعة السليمانية، المدينة السليمانية، اقليم كوردستان – عيراق

**الكلمات المفتاحية**: النمو السكاني، النمو الطبيعي، مدينة، ريف، الهجرة.

**كيفية اقتباس البحث**

محمد , الان حكيم , حمه , سروه جلال , تحليل جغرافي لنمو السكان في مدينة كلار خلال فترة (١٩٧٧-٢٠٢٣),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered** **مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed** **مفهرسة في**
**IASJ**

# Geographical Analysis for the Population Growth of the City of Kalar

Alan Hakeem Mohammed [1], Srwa Jalal Hama [2]

1. Department of Geography, College of Human Science, University of Sulaimani, Sulaymaneyah, Iraq

alan.hakeem@garmian.edu.krd

2. Department of Geography, College of Human Science, University of Sulaimani, Sulaymaneyah, Iraq

E-Mail: srwa.hama@univsul.edu.krd

**Keywords** : Population growth; Natural Growth, Urban, Rural, Migration.

**How To Cite This Article**

Mohammed ,Alan Hakeem ,Hama ,Srwa Jalal ,Geographical Analysis for the Population Growth of the City of Kalar ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

Population growth constitutes one of the most significant topics in demographic research, as societies undergo continuous transformation resulting from increases and decreases in population numbers within specific geographical areas. Kalar city serves as the administrative center of Kalar district and is located in the southeastern part of the Kurdistan Region. The city's area in 2023 was 965,195 hectares, with a population reaching 496,163 inhabitants for the same year. The primary objective of this research is to examine the most prominent changes that have occurred in the city's population growth during the study period. An



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

additional objective involves analyzing the components of population growth and the factors influencing these dynamics. The research methodology employed is historical-descriptive analytical. The research problem centers on the existence of significant variations in Kalar city's population growth during the study period (1977-2023). The most significant findings indicate that Kalar city experienced substantial changes in population growth throughout the research timeframe. The highest growth rate occurred during 1977-1987 at 21.2%, while the lowest rate was 2.4% during 1987-2002. This variation is attributed to natural population growth and rural-to-urban migration, alongside natural and anthropogenic factors. The principal recommendations include: increased attention from relevant governmental authorities to the registration of birth and death data; implementation of population policies by the government to address potential future challenges facing urban populations due to unplanned population size increases. The research is divided into three sections: Section One examines the stages of population growth; Section Two analyzes the components of population growth; Section Three investigates the factors contributing to population growth.

**الملخص**

يعد النمو السكاني من الموضوعات الأساسية في الدراسات الديموغرافية، نظرا لكون المجتمعات في حالة تغير مستمر، وذلك نتيجة للزيادة والنقصان في عدد السكان ضمن منطقة جغرافية محددة. تمثل مدينة كلار مركز قضاء كلار وتقع في الجزء الجنوبي الشرقي من إقليم كردستان. بلغت مساحة المدينة في عام (٢٠٢٣) حوالي (٩٦٥,١٩٥) هكتارا، فيما وصل عدد سكانها للعام نفسه إلى (٤٩٦,١٦٣) نسمة. تهدف هذه الدراسة إلى: إبراز أهم التغيرات التي طرأت على النمو السكاني للمدينة خلال فترة الدراسة والكشف عن معدلات النمو السكاني والعوامل المؤثرة عليها. اعتمدت الدراسة على المنهج الوصفي التاريخي-التحليلي في معالجة موضوع البحث. تتمحور مشكلة البحث حول وجود تباين كبير في النمو السكاني لمدينة كلار خلال فترة الدراسة (١٩٧٧-٢٠٢٣). توصلت الدراسة إلى النتائج التالية: شهدت مدينة كلار خلال فترة الدراسة تغيرات جوهرية في النمو السكاني، حيث سجلت أعلى معدلات النمو خلال الفترة (١٩٧٧-١٩٨٧) بنسبة بلغت (٢١,٢٪)، بينما سجلت أدنى معدلات النمو خلال الفترة (١٩٨٧-٢٠٠٢) بنسبة (٢,٤٪). يعزى هذا التباين إلى النمو الطبيعي والهجرة الداخلية من الريف إلى المدينة، إضافة إلى العوامل الطبيعية والبشرية المختلفة. توصي الدراسة بما يلي: ضرورة إيلاء الجهات الحكومية المختصة اهتماما أكبر لتسجيل بيانات الولادات والوفيات. اتباع سياسة سكانية من قبل الحكومة للتغلب على المشكلات التي قد تواجه سكان المدن مستقبلا نتيجة الزيادة غير المخططة في حجم السكان. قسمت الدراسة إلى ثلاثة مباحث رئيسية: المبحث الأول: مراحل النمو السكاني، المبحث الثاني: معدلات النمو السكاني المبحث الثالث: عوامل النمو السكاني.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٢٣-١٩٧٧)


الان حكيم محمد[١]، سروه جلال حمه[٢]

[١+٢] قسم الجغرافية، كلية علوم الإنسانية، جامعة سليمانية، مدينة سليمانية، اقليم كوردستان، العراق.

ئیمەیل:

alan.hakeem@garmian.edu.krd

srwa.hama@univsul.edu.krd



**پوختە**

گەشەی دانیشتوان، یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان لە توێژینەوەکانی دانیشتواندا، لەبەرئەوەی کۆمەڵگە لە گۆڕانکاری بەردەوامدایە، ئەمەش لە ئەنجامی زۆربوون و کەمبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە دەبێت لە ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراودا. شاری کەلار سەنتەری قەزای کەلارە و دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان؛ ڕووبەری شارەکە لە ساڵی (٢٠٢٣) دا (١٩٥,٩٦٥) هێکتارە، ژمارەی دانیشتوانی بۆ هەمان ساڵ گەیشتووەتە (١٦٣,٤٩٦) کەس. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە خستنەڕووی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر گەشەی دانیشتوانی شارەکەدا هاتووە لەو ماوەیەدا (١٩٧٧-٢٠٢٣) و هەروەها خستنەڕووی ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان و ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەری هەیە. ڕێبازی توێژینەوەکە بریتییە لە وەسفی مێژوویی- شیکاری. کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لە هەبوونی جیاوازییەکی گەورە لە گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار لە ماوەی ساڵانی توێژینەوەکەدا (١٩٧٧-٢٠٢٣). گرنگترین دەرئەنجامەکان بریتیین لە؛ شاری کەلار لە ماوەی ساڵانی توێژینەوەکەدا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە لە ڕووی گەشەی دانیشتوان؛ بەرزترین ڕێژەی گەشەکردن لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) بریتییە لە (٢١,٢٪) وەکو لە خشتەی (١) ئاماژەمان بۆ کردووە، نزمترین ڕێژەش بریتییە لە (٢,٤٪) لە ساڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٢)، ئەو جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ گەشەی سروشتی و کۆچی گوندنشینەکان بۆ شار لەگەڵ هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان. گرنگترین پێشنیارەکان بریتییە لە گرنگیدانی زیاتری لایەنە پەیوەندیدارە حکومییەکان بە تۆمارکردنی داتاکانی لەدایکبوون و مردن، پەیڕەوکردنی سیاسەتی دانیشتوان لەلایەن حکوومەتەوە بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر ئەو گرفتانەی کە دەکرێت لە داهاتوودا ڕووبەڕووی دانیشتوانی شارەکان ببنەوە، ئەوش بە هۆی زۆربوونی قەبارەی دانیشتووان بە شێوەیەکی بێپلان. توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بۆ سێ باس، بەمشێوەیە: باسی یەکەم: قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان، باسی دووەم: ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان، باسی سێیەم: هۆکارەکانی گەشەی دانیشتوان.



**وشەکلیلییەکان**: گەشەی دانیشتوان؛ گەشەی سروشتی، شار، گوند، کۆچ.


## پێشەکی

گەشەی دانیشتوان یەکێکە لە بابەتە گرنگ و بایەخدارەکانی جوگرافیای دانیشتوان، هەروەها لە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە دانیشتوان جێگای دیار و ئاشکرای هەیە، چونکە توێژینەوە دەربارەی گەشەی دانیشتوان لە هەر ناوچە و شارێکدا بە مانای دیاری کردنی ئاستی ژمارەی دانیشتوانە. لەم گۆشە نیگاوە لێکۆڵینەوە دەربارەی خاسیەت و ڕەگەزە دیمۆگرافیەکانی

دانیشتوان لە سەردەمی ئێستادا گرنگی خۆی هەیە بە تایبەت لە لێکۆڵینەوە جوگرافییەکاندا و لە نێویشیاندا جوگرافیای شار.


**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی گرنگترینی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر گەشەی دانیشتوانی شارەکەدا هاتووە لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢٣)، هەروەها خستنەڕووی هۆکارە پەیوەندیدارەکان بەو گۆڕانکارییانە. لە لایەکی تریشەوە هەوڵدانە بۆ دیاریکردنی ئاراستەی گەشەی دانیشتوان، بۆ ئەوەی لە بواری پلانداناں سوودی لێ وەربگیرێت.

**کێشەی توێژینەوە:** کێشەی لێکۆڵینەوەکە خۆی لەوە دەبینێتەوە کە جیاوازی هەیە لە گەشەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لە ماوەی نێوان (١٩٧٧-٢٠٢٣)، چونکە شارەکە وەکو سەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان بە چەندین بارودۆخی سەخت و نالەباردا تێپەڕبووە، ئەمەش لە دواجاردا کاریگەری لەسەر گەشەی دانیشتوان جێهێشتووە.
**گریمانەی لێکۆڵینەوە،** لەم توێژینەوەیەدا دوو گریمانە دەخەینەڕوو:
١. گەشەی سروشتی و کۆچ دەبێتە هۆی بوونی جیاوازی لە گەشەی دانیشتوان لە ماوەی توێژینەوەکە.
٢. هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان لە شاردا کاریگەری دروست کردوە لەسەر گەشەی دانیشتوانی شار.
**میتۆدی توێژینەوە:** میتۆدی توێژینەوە بریتییە لە وەسفی - شیکاری - مێژوویی، بۆ خستنەڕووی گەشەی دانیشتوان لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢٣) لە شاری کەلار.
**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە گەشەی دانیشتوان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە پلاندانان بۆ داهاتووی شارەکە، بەتایبەتیش لە ڕووی خزمەتگوزارییەکان، چونکە زۆربونی ژمارەی دانیشتوان بە پلەی یەکەم فشاری زیاتر دەخاتە سەر خزمەتگوزارییەکان و گرفت بۆ شارەکە دروست دەکات.
**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** لە گرنگترین هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:
١. حەز و ئارەزووی توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لە بابەتی گەشەی دانیشتوان.
٢. کەمیی توێژینەوە لەبارەی گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار بە گشتی، لەم قۆناغەدا (١٩٧٧-٢٠٢٣).
**پلانی توێژینەوە:** بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بۆ سێ باس، بەمشێوەیە: باسی یەکەم: قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان. باسی دووەم: ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان. باسی سێیەم: هۆکارەکانی گەشەی دانیشتوان.
**سنوری توێژینەوە**
١. ڕەهەندی شوێن: شاری کەلار، دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق. کەلار؛ لە باشوری ڕۆژئاواوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای کفری و لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای خانەقین، لە باکورەوە قەزای دەربەندیخان و هەروەها سەنتەری قەزای کەلار و ئیدارەی گەرمیانە. وەکو لە نەخشەی (١) دیارە. لە ڕووی پێگەی ئەسترۆنۆمییەوە، شاری کەلار دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٣٤° ٣٦′ ١٢″ - ٣٤° ٤٠′ ٤٠″)ی باکور، نێوان دوو هێڵی درێژی (٤٥° ١٦′ ٥٨″ - ٤٥° ٢١′ ٤٤″)ی ڕۆژهەڵات. شوێنی جوگرافی شاری کەلار کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر فراوانبوونی ڕووبەر و گەشەی دانیشتووانی شارەکە هەبووە، بە ئێستاشەوە ئەو کاریگەرییە

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

هەیە، هەروەها نزیکیی لە ئێران و هەردوو دەروازەی سنووریی (پەروێزخان، پشتە) بزاوتێکی ئابووری گرنگی لە شارەکەدا دروستکردووە. ڕووبەری شارەکە لە ساڵی (٢٠٢٣) دا (١٩٥٩,٦٥) هێکتار، ژمارەی دانیشتوانی بۆ هەمان ساڵ گەیشتۆتە (١٦٣٤٩٦) کەس.
٢. ماوەی کاتی: مەبەست لێی ماوەی توێژینەوەکەیە، ئەمەش بە پشتبەستن بە داتا و زانیارییەکانی تایبەت بە دانیشتوان لە ماوەی (١٩٧٧-٢٠٢٣).

**باسی یەکەم: قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان**




**نەخشەی (١) شوێنی جوگرافی شاری کەلار بەپێی قەزای کەلار و هەرێمی کوردستان**

سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8.1)، و بەپشت بەستن بە:
١. هاشم یاسین وئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپخانەی تینووس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل٨١.

وەکو ڕاگواستنی کوردان و ڕوخاندنی گوندەکانیان، پاشانیش بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لەگەڵ دەستپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفالدا ناوچەی توێژینەوە دەبێتە ناوەندێک بۆ کۆکردنەوەی کوردە ڕاگوازراوەکان و کۆکردنەوەی دانیشتوانەکانیان لە شاری کەلار. بەمەش ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە زۆر زیادی کرد. (نامیلکەی ئیدارەی گەرمیان، ٢٠١٣).



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

٣. گەڕانەوەی ئەوانەی بەهۆی شۆڕشی ئەیلولەوە لە ناوچە ڕزگارکراوەکان بوون، یان ئەوانەی کە بەهۆی شۆڕشەوە ئاوارەی ئێران و خوارووی عێراق بوون. (حاجی حەمید، ڕزگار، ٢٠٩).

**خشتەی (١) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری کەلار و قەزای کەلار و ئیدارەی گەرمیان لە ماوەی نێوان (١٩٧٧-٢٠٢٣)/ (٪)**

| ماوە | شاری کەلار | قەزای کەلار | ئیدارەی گەرمیان |
|---|---|---|---|
| ١٩٧٧-١٩٨٧ | ٢١,٢ | ٩ | ٢,٥ |
| ١٩٨٧-٢٠٠٢ | ٢,٤ | ٣,١ | ٣,٦ |
| ٢٠٠٢-٢٠٢٣ | ٢,٨ | ٢,٢ | ٢,٦ |
| ١٩٧٧-٢٠٢٣ | ٦,٤ | ٣,٩ | ٢,٧ |


سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١. نتائج ترقيم المباني وحصر السكان لسنة (١٩٧٧)، لمحافظة سليمانية، مطبعة الجهاز المركزي، للأحصاء، بغداد (١٩٧٨)، جدول رقم (٢٢)، ص٢٩، ٣٦١.
٢. وزارة تخطيط الجهاز المركز للاحصاء هيئة للتعداد العام ودراسات السكانية، نتائج ترقيم المباني، حصر السكان لمحافظة السليمانية للسنة (١٩٨٧)، ص١٢-١٤.
٣. مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية والارتكازية لإقليم كوردستان، لسنة ٢٠٠٢، ص١٢.
٤. حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئامار، داتای بڵاونەكراوە، ٢٠٢٣.

* جێبەجێكردنی هاوكێشەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان. $R = (T\sqrt{\frac{P1}{P0}}$ -1)×100

**سەرچاوە:** نجم الدين ١٩٨٢، أحمد، جغرافية سكان العراق، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ص٢٠.

**شێوەی (١) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری كەلار و قەزای كەلار و ئیدارەی گەرمیان لەماوەی (١٩٧٧-٢٠٢٣) / ( ٪ )**




سەرچاوە: كاری توێژەر، پشتبەستن بە خشتەی (١)

**قۆناغی دووەم (١٩٨٧-٢٠٠٢) :** ئەم قۆناغە كە بۆ ماوەی پازدە ساڵ درێژەی كێشاوە، تیایدا ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێكۆڵینەوە نزمترین ئاستی تۆمار كردووە كە گەیشتووەتە (٢,٤٪). بەمشێوەیەش گەشەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە ئەگەر بەراورد بكەین بە گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزای كەلار كە ڕێژەی (٣,١٪) و گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان كە بریتییە لە (٣,٦٪) كەمترە. بڕوانە خشتەی (٦). لەگەڵ دەستپێكردنی ڕاپەڕینی خەڵكی كوردستان ساڵی (١٩٩١) تارادەیەك گەشە و بەرفراوانبوونی ناوچەی توێژینەوە خاو بوویەوە، چونكە كۆچی پێچەوانەی خەڵكی گوندەكان دەستیپێكرد كە لە سەردەمی ئەنفال و سیاسەتی بەعەرەبكردن هێنرابوونە ناوچەی توێژینەوە، ئەمە و جگە لە كاریگەرییە نەرێنییەكانی ئابڵوقەی ئابوری و شەڕی ناوخۆ، ئەو گەشە و ئاوەدانییەی كە هەبوو تەنها بەرفراوانبوون بوو لە گەرەكە كۆنەكاندا. (طالب، جزا، ٢٠٢٤، ١٧٥).

**قۆناغی سێیەم (٢٠٠٢-٢٠٢٣) :** ئەم قۆناغە بە درێژترین قۆناغی ماوەی توێژینەوەكە دادەنرێت كە (٢١) ساڵ دەخایەنێت، تیایدا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەكە بریتییە لە (٢,٨٪)، بەمشێوەیەش ڕێژەكەی زیاترە لە ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی هەریەكە لە قەزای كەلار (٢,٢٪) و هەروەها ئیدارەی گەرمیان (٢,٦٪). بڕوانە خشتەی (٦). لە دیارترینی ئەو هۆكارانەی كە لەم قۆناغەدا كاریگەرییان هەبوو لەسەر گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە، بریتیین لە:

١. ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە (٣/ نیسانی/ ٢٠٠٣). بەهۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوەڕاست و باشوری عێراق بۆ شاری کەلار ژمارەی دانیشتوان زیادیکرد. (احمد، بنار، ٢٠١٦، ٢٩).

٢. بۆ چارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەی کە بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان دروستبوو، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە بەرواری (٢٠٠٦/٨/٦) ئیدارەی گەرمیانی پێکهێنا، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێرییەکانی؛ حکومەتی هەرێم لە ساڵی (٢٠٠٨) بڕیاری دا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. (ماڵپەڕی ئیدارەی گەرمیان، شوباتی ٢٠٢٥).

٣. کردنەوەی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی کەلار/ زانکۆی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ کە سەر بە زانکۆی سلێمانی بوو، دواتر لەگەڵ کردنەوەی زانکۆی گەرمیان لە ساڵی (٢٠١٠) ئەم کۆلێجە خرایە سەر زانکۆی گەرمیان، ئەمەش بەرەوپێشچوونێکی دیکەی زانستی بوو بۆ شارەکە، لە هەمان کاتدا هۆکارێکی دیکە بوو بۆ ئەوەی دانیشتوانی زیاتر ڕوو لە شارەکە بکەن. هەروەها لە شاری کەلار گەشەکردن و پێشکەوتنێکی بەرچاو بەدی هات لە دابینکردنی هەموو خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان هەموو هۆکاری کاریگەربوون لەبەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بە بەراورد بە قۆناغەکانی پێشوو. (ماڵپەڕی زانکۆی گەرمیان، تەمموزی ٢٠٢٥). لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢٣) سەرەڕای ئەو بەزبوونەوە و نزمبوونەوە لە گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار دا ڕووی داوە لە قۆناغە جیاجیاکاندا، بەڵام لە تێکڕای قۆناغەکاندا لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢٣) ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لیکۆڵینەوە کە (٦,٤٪) بەرزترە لە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی هەریەک لە قەزای کەلار (٣,٩٪) و بەڕێژەی (٢,٧٪) ئیدارەی گەرمیان، کە ئەم گەشەکردنە لە ژمارەی دانیشتوان پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوانەوە (زیادبونی سروشتی و کۆچ) کە لە باسی داهاتوو بە وردی ئاماژە بە هەریەک لەو ڕەگەزانە دەکەین.

**باسی دووەم: ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان**

**أ. زیادبونی سروشتی:** زیادبونی سروشتی بە یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکان دادەنرێت کە کاردەکاتە سەر گەشەی دانیشتوان، کە بریتییە لە جیاوازیی نێوان ژمارەی لەدایکبون و مردن لە ماوەیەکی دیارییکراودا، دانیشتوان وەکو جەستەیەکی زیندوو وایە و لە گۆڕانی بەردەوامدایە، بەهۆی لەدایکبونەوە ژمارەی دانیشتوان زیاد دەکات و بە هۆی مردنیشەوە ژمارەکە کەم دەکات،( زینی، عبدالحسین وآخرون ١٩٨٠، ١٥٠) بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی ڕاست و دروست لەبارەی ئاراستەکانی گەشەی دانیشتوانی شار ئەنجامبدرێت پێویستە تیشک بخرێتە سەر ڕەگەزەکانی (لەدایکبون و مردن).بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە پشتبەستین بە ئامار و زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گەرمیان بۆ شیکردنەوەی داتاکانی تایبەت بە ڕەگەزەکانی لەدایکبون و مردن.

**١. لەدایکبوون:** بریتییە لەو وەچانەی کە دانیشتوان لە ماوەیەکی دیارییکراودا دەیخەنەوە، هۆی سروشتی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانە ، بۆیە بە ڕەگەزێکی گرنگ دادەنرێت کە کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر گەشەی دانیشتوان . چونکە بوونی جیاوازی لە ژمارەی لەدایکبوون هۆکارێکی گرنگە و دەبێتە هۆی جیاوازی گەشەی دانیشتوان. وێڕای ئەوەی لەدایکبون دیاردەیەکی بایۆلۆجییە بەڵام ناکرێت لەو هەلومەرجە ئابورییە دابڕێت کە کۆمەڵگە تێیدا دەژی، بۆ زانینی ڕێژەی لەدایکبون؛ پشتدەبەستین بە هاوکێشەی ڕێژەی گەشەی

لەدایکبون، چونکە زانیاریی تەواومان دەداتێ لەبارەی لەدایکبونی ساڵێک بە بەراورد لەگەڵ هەر هەزار کەسێک لە سەرجەم دانیشتوان، بەمشێوەیە:

ڕێژەی گشتی لەدایکبون = ژمارەی لەدایکبونی زیندووی ساڵێک ÷ ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ساڵدا × ١٠٠٠.( حاجی، ئەرسەلان و تۆفیق، پێشڕەو ٢٠٢٢، ٣).

داتاکانی لەدایکبوون هاوشێوەی ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان لەشاری کەلار ناڕێکن و کەم و کورتی تێدا بەدی دەکرێت ، بەتایبەت ماوەی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو.گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە بونەتە هۆی کەموکورتی لە داتاکانی تایبەت بە لەدایکبووان بریتین لە:

١. نەبوونی یاسای توند کە هاوڵاتیان ناچار بکات لەدایکبوون تۆمار بکەن.

٢. مردنی منداڵان لە سەرەتای تەمەنیاندا دەبێتەهۆی تۆمار نەکردنیان.

٣. ئەو ئاستەنگانەی دێنە ڕێگەی پرۆسەی تۆمارکرن بەتایبەت لەو ناوچانەی دورن لە بنکەکانی تۆمارکرنی تازە لەدایکبووان ئەمەش زیاتر دانیشتوانی گوندەکان دەگرێتەوە.

٤. دانیشتوان بەتایبەت گوندنشینەکان هەست بە بایەخی زانستی تۆمارکردنی لەدایکبووان ناکەن، هەر بۆیە کەمتر گرنگی بە تۆمارکردنی لەدایکبوونیان دەدەن، لەگەڵ هەموو ئەو کەموکوڕییانەی کە هەیە، وەك هەستنەکردنی هاوڵاتیان بە لێپرسراوییەتی بەرامبەر تۆمارکردنی ئەو منداڵانەی لە تەمەنێکی زۆر بچوك مردون، ئێستا لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و ناوچەی توێژینەوە یاسایەك دانراوە بۆ تۆمارکردنی لە دایکبوان لە ماوەی (١٥) ڕۆژ، ئەگەر هاتوو لەو ماوەیە تێپەڕبوو، دەبێت سەردانی دادگا بکەن. (محمود، شاسوار، ٢٠١٣، ١٩).

لێرەدا ئاماژە دەکەین بە تێکرای لەدایکبوون لە شاری کەلار، بە سەرنجدان لە خشتەی (٢) و شێوەی (٢)، بۆمان دەردەکەوێت کە تێکرای ڕێژەی لەدایکبوون (٣٩,٨٪) لە هەزاردایە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٣). بەپێی ئەو پێوەرانەی کە توێژەران دایانناوە دەربارەی بەرزی یان نزمی ڕێژەی لەدایکبوون، تێکڕای لە دایکبوون بەشێوەیەکی گشتی پۆلێن دەکرێت بۆ سێ گروپ، ئەوانەش بریتیین لە؛ تێکڕای لەدایکبوون بەرز دەبێت گەر ڕێژەی زیاتر لە (٣٥) لە هەزاردا بێت، هەروەها تێکڕای لەدایکبوون مامناوەند دەبێت ئەگەر زیاتر لە(٢٠) لە هەزار کەمتر و لە(٣٥) لە هەزاردا بێت تێکڕای لە دایکبوون نزم دەبێت ئەگەر کەمتر بێت لە (٢٠) لە هەزاردا. (البشيری، حمادی عباس، ٢٠٠٥، ١١١). بەمشێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە تێکڕای ڕێژەی لەدایکبوون لە ناوچەی توێژینەوەدا بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەیەکی بەرزە، ئەم بەرزبوونەوەیە لە ڕێژەی لەدایکبوون لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا لە شاری کەلار بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و بایەخدانی دانیشتوان بە تۆمارکردنی لەدایکبووان، لە هەمان کاتدا بۆ سوودوەرگرتن لەو کۆمەک و ئاسانکارییانەی لە لایەن حکوومەتەوە پێشکەش بە منداڵانی کردووە، بەتایبەتی لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق، وێرای ئەوەی کە لەو ماوەیەدا بۆ دەستەبەرکردنی بەشەخۆراکی منداڵەکانیان؛ هاوڵاتیان بە بێ دواکەوتن ناوی منداڵەکانیان لە جێگەی تایبەت بە تۆمارکردن نوسیوە، هەروەها بەهۆی کەمبوونەوەی ئاستەنگی هاتوچۆی نێوان گوند و شار لادێنشینانیش توانییان تا ڕادەیەکی زۆر ناوی منداڵەکانیان تۆمار بکەن، چونکە پێشتر ئەم حاڵەتە زۆر بوو؛ بە تایبەتی لە ساڵانی حەفتاکان، هەشتاکان و نەوەدەکاندا. (عبدالقادر، مقداد ٢٠١٤، ٤٢).


**خشتەی (٢) ڕێژەی لەدایکبوون لە شاری کەلار لە ماوەی نێوان (٢٠٠٠-٢٠٢٣)/ لە هەزاردا**

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

| ساڵ | ڕێژەی لەدایکبوون | ساڵ | ڕێژەی لەدایکبوون |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٠ | ٥٢ | ٢٠١٤ | ٥٠,٨ |
| ٢٠٠٢ | ٤٢ | ٢٠١٦ | ٤٠,٧ |
| ٢٠٠٤ | ٤١,٢ | ٢٠١٨ | ٣٩,٨ |
| ٢٠٠٦ | ٣٦,٦ | ٢٠٢٠ | ٣٢,٣ |
| ٢٠٠٨ | ٣٢,٤ | ٢٠٢٢ | ٣٥,٣ |
| ٢٠١٠ | ٣٨,١ | ٢٠٢٣ | ٣٢,٩ |
| ٢٠١٢ | ٤٣,٨ | - | - |
| تێکرای (٢٠٠٠-٢٠٢٣) | - | - | ٣٩,٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، نوسینگەی تۆماری لەدایکبوون و مردن لە ماوەی (٢٠٠٠-٢٠٢٣). داتای بڵاونەکراوە.

**شێوەی (٢) تێکڕای لەدایکبوون لە شاری کەلار لە ماوەی (٢٠٠٠-٢٠٢٣)/ لە هەزاردا**




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەستن بە خشتەی (٢).

لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٠٢) بە هەمانشێوە ڕێژەکان لە ئاستێکی بەرزدایە، کە گەیشتووەتە (٥٢) لە هەزاردا، ڕێژەکە دابەزیوە بۆ (٤٢) لە هەزار لە ساڵی (٢٠٠٢). بە بۆچوونی توێژەر هۆکاری ئەم دابەزینی ڕێژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ کەموکورتی لە تۆمارکردنی ناوی لەدایکبووان، چونکە هیچ هۆکارێکی تری وەکو (سیاسی، کارگێری، سروشتی) نابینرێت کە لەو ماوەیەدا کاریگەری کردبێتە سەر دابەزینی ڕێژەی لەدایکبووان. سەبارەت بە سالی (٢٠٠٤) ڕێژەی لەدایکبوون بریتیە لە (٤١,٢) لە هەزاردا  لە شاری کەلار،بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٦) ڕێژەی لەدایکبوون دابەزیوە بۆ (٣٦,٦) لە هەزاردا کە ئەوەش ڕێژەیەکی بەرزە بە بەراورد بە پێشوتر، هۆکاری ئەم نزمبوونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق هاتە کایەوە لە ساڵی (٢٠٠٣)و گەڕانەوەی بەشێکی زۆر لەو ئاوارانەی کە نیشتەجێی شارەکە بوون بۆ زێدی خۆیان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمەش کاریگەر بوو لەسەر بەردەوام دابەزینی ڕێژەی لەدایکبوون. (العبادی، انعام، ٢٠٠٢، ٧٤).

هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٨) ڕێژەی لەدایکبوون نزم دەبێتەوە بۆ(٣٢,٤) لە هەزاردا و لە ساڵی (٢٠١٠) دەبێتە (٣٨,١) لە هەزاردا ، ئەم نزبوونەوە لە ڕێژەی لەدایکبوون لە سالی (٢٠٠٨) دەگەڕێتەوە بۆ گەڕانەوەی بەشێك لە دانیشتوانی گوندەکان بۆ  شوێنی خۆیان بەهۆی گرنگیدانی  و کەمبونەوەی دانیشتوانی شارو بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری گوندنشینان و تۆمارکردنی لەدایکبووان. لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٢-٢٠١٤) بە دوای یەکدا بەرز دەبێتەوە بەم جۆرە؛ لە ساڵی (٢٠١٢) بەرز دەبیتەوە بۆ (٤٣,٨) لە هەزاردا و پاشانیش لە ساڵی (٢٠١٤) بەرز دەبێتەوە بۆ (٥٠,٨) لە هەزاردا، بۆ هەریەکەیان یەك بە دوای یەك ئەم بەرزبوونەوەیە لە ڕێژەی لەدایکبوون دەگەڕێتەوە بۆ ئارامی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و زیادبوونی پرۆسەی هاوسەرگیری و زۆری ڕێژەی لەدایکبوون و تۆماری لەدایکبوان. ڕێژەی لەدایکبوون لە ساڵی (٢٠١٦)دادەبەزێت بۆ(٤٠,٧) لە هەزاردا، هەروەها لە ساڵی (٢٠١٨) نزم بووەتەوە بۆ (٣٩,٨) لە هەزاردا، دەکرێت هۆکاری ئەم نزم بوونەوەیە لە ڕێژەی لەدایکبوون بگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی قەیرانی دارایی لە دوای ساڵی (٢٠١٤) کە هەرێمی کوردستانی گرتەوەو شاری کەلاریشی لێ بەدەر نەبووە. لە ساڵی (٢٠٢٢) نزم بووەتەوە بۆ (٣٥,٣) لە ساڵی (٢٠٢٣) شدا نزمتر دەبێتەوە بۆ (٣٢,٩) لە هەزاردا، هۆکاری ئەم نزمبوونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دانیشتوان و زیاتری ڕووکردنە ئافرەتان لە بازاری کار کە هۆکارە بۆ ئەو دابەزینە. سەرەڕای کەموکورتی لە داتا ژیارییەکان. ئەمە جگە لە بونی چەندین هۆکاری تر کە دەبێتە هۆی جیاوازی ڕێژەکە گرنگترینیان ئەمانەن:

**١. ژنهێنان و شوكردنی پێشوەخت:** مەبەست لەو هۆکارە دابەشبوونی دانیشتوانە بەپێی تەمەن بۆ ساڵی هاوسەرگیری، کە بە گشتی لە تەمەنی (١٥) ساڵییەوە دەستپێدەکات، وەک دەزانرێت ئەو پێکهاتە تەمەنە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر دەگۆڕێت، ئەوەش بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی دانیشتوان. دکتۆر (شاکر خصباك) ڕای وایە تەمەنی نمونەیی شوکردن لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەنێوان ١٤-١٧ ساڵیدایە. بەڵام دکتۆر (عەبدوڵلا غەفور) پێیوایە ژنهێنان و شوکردن لە هەرێمی کوردستان لە تەمەنێکی زۆر مێرمناڵیدا دەستپێدەکات، کوڕان لە هەژدە ساڵی و کچانیش لە شازدە ساڵییەوە؛ هاوسەرگیری دەکەن. ئەمەش بە هۆکارێکی کاریگەر دادەنرێت بۆ زیادبوونی ڕێژەی لەدایکبوون، چونکە تاوەکو تەمەنی هاوسەرگیری بچوکتر بێت ئەوا وەچەخستنەوە زیاتر دەبێت. (حاجی، ئەرسەلان، تۆفیق، پێشڕەو، ٢٠٢٢، ٤) ئەو کچانەی کە لە تەمەنی (١٥-٢٠) ساڵی لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٨-٢٠٢٣) هاوسەرگیریان کردووە، (٢٦٪) ی کۆی شوکردووان بووە لە شاری کەلار، ئەمەش ڕێژەیەکی تاڕادەیەک بەرزە و کاریگەری بەرچاوی هەبووە لەسەر بەرزیی ڕێژەی لەدایکبووان.(ئاماری دادگای کەلار، ٢٠٢٥).

**٢. بەرزبوونەوەی ڕێژەی پیتی:** پیتداریی، بریتییە لە ژمارەی ئەو منداڵانەی کە ژنێک دەیانخاتەوە، کاتێک قسە لەسەر کۆمەڵگەیەکی بەرزەپیتاندن دەکرێت، مەبەست لەوەیە کە دانیشتوانێک زۆرینەی ژنەکانی ژمارەیەکی زۆر منداڵیان ببێت، لە کاتێکدا کۆمەڵگە پیتاندنزمەکان؛ ئەو کۆمەڵگەیانەن کە زۆرینەی ژنەکانیان ژمارەیەکی کەمی منالیان دەبێت، پیتی لەو فاکتەرانەیە کار لە بەرزیی ڕێژەی لەدایکبوون دەکات و دەبێتە هۆی گەشەکردنی دانیشتوان. (سهاونە، فەوزی و سمحە، عەبودە، ٢٠٠٩، ١١٧).

ئاشکرایە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا ڕێژەی پیتی و ماوەی تەمەنی سککردن و زاوزێ لەنێوان ڕەگەزی مێ دا بۆ وەچەخستنەوە لە تەمەنی (١٥-٤٩) ساڵیدایە. (غەفور، عەبدوڵلا ٢٠١٢، ٤٤).لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٨-٢٠٢٣) دا تێکڕای ئەو ڕەگەز (مێ)یانەی لە شاری کەلار شویان کردووە تەمەنیان لەنێوان (١٥-٢٥) ساڵیدایە، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی لە (٦١,٦٪)ی کۆی ئەو ئافرەتانەیە کە لەو ماوەیەدا هاوسەرگیریان پێکهێناوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ بەهێزیی پیتی لە شاری کەلار، هەروەها کاریگەری و ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لەسەر ڕێژەی لەدایکبون دەبێت؛ بە ئاراستە و تێکڕایەکی بەرزتر و زیاتری لەدایکبوون. (ئاماری دادگای گەرمیان، ٢٠٢٥).

**٣. هۆکاری ئایینی**: هۆکاری ئایینی کاریگەری بەرچاوی هەیە لە ئاڕاستەکردنی ژیانی کۆمەڵگەدا، زۆرینەی دانیشتووانی شاری کەلار لەسەر ئایینی ئیسلامن؛ ئەمەش کاریگەریی هەیە لەسەر زیادبوونی ڕێژەی لەدایکبوون، چونکە ئایینی ئیسلام هانی هاوسەرگیرییکردن و منداڵبوون دەدات، بۆ نمونە لە هاندانی هاوسەرگیرییدا دەفەرموێت: (وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ). (سورة الروم، من اية ٢١)، هەروەها ئایینی ئیسلام ڕێگریی لەباربردنی کۆرپەلە دەکات و بە کوشتنی نەفسی لە قەڵەمدەدات، وەکو لە قورئانی پیرۆزدا خودای گەورە دەفەرموێت (وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُم إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْئًا كَبِيرًا). (سورة الاسراء، من اية ٣١)، هەروەها ئایینی ئیسلام کاریگەریی لەسەر ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەرانیش هەیە، چونکە ئایینی ئیسلام لایەنگیری جیابووەنەوەی هاوسەران (طلاق) نییە، وەکو پێغەمبەر (د.خ) لێبێت دەفەرموێت: (أبغض



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

الحلال عند الله الطلاق) واتە "ناخۆشترین لە لای خوای گەورە بریتییە لە جیابوونەوەی ژن و مێرد". (الازدي، ابي داود و داود، سنن، ٢٠٠١، ٣٤٩)، هەرچەندە ڕێژەی هاوسەرگیری زیاتر بێت ئەوا ڕێژەی لەدایکبوون زیاتر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە هەتا ڕێژەی جیابوونەوەی ژن و مێرد زیاتر بێت ئەوا لەدایکبوون کەمتر دەبێت. لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٥-٢٠٢٣) تێکڕای حاڵەتەکانی هاوسەرگیری (٦,٨)ە لە هەزاردا، لە بەرامبەردا تێکڕای حاڵەتەکانی جیابوونەوە بۆ ئەو ماوەیە بریتییە لە (٢,٤) لە هەزاردا. کەواتە تێکڕای هاوسەرگیری لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٥-٢٠٢٣) نزیکە لە سێ هێندەی حاڵەتەکانی جیابوونەوە. (ئاماری دادگای کەلار، ٢٠٢٥).

٤. **هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری:** دابونەریتی کۆمەڵگە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر پاڵپشتیکردنی خێزانی گەورە و هانی تاکەکان دەدات لە خستنەوەی منداڵ. زۆرێک لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان ڕێز لەو خێزانانە دەگرن کە ژمارەیان زۆرە، چونکە وایدادەنێن گەر هاتوو هەر خێزانێك گەورە بێت ئەوە دەتوانن لە مەترسییە گەورەکاندا بەرگری لە بوونی خۆیان بکەن. هەروەها لە چالاکییە ئابوورییەکانی وڵات خێزانی گەورە دەستی وەبەرهێنی کارە، ئەم دۆخە هەموو گوندنشین و شارنشینان دەگرێتەوە بەڵام بەشێوەی جیاواز و بە گوێرەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری دانیشتوان و بارودۆخی ئابووری. (کاکە عبدالله، هاوسەر، و مجید، صباح، ٢٠١٩، ١٣٥).

٢. **مردن:** چەمکی "مردووان" مەبەست لە کۆی ژمارەی مردنە، کە بریتییە لە دیاردەیەکی ژیاریی و بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتی، و بەشێوەیەکی سروشتی ڕوودەدات. مردن تەنها کاریگەری لەسەر قەبارەی دانیشتوان نیە بەڵکو کاریگەری لەسەر پێکهاتەکانیش هەیە بەتایبەتی پێکهاتەی تەمەن. (السعدي، عباس ٢٠١٤، ٣٣١) هەلومەرجی باوی ئابووری وکۆمەڵایەتی کاریگەری هەیە لەسەر ڕێژەی مردن لە کۆمەڵگادا، ئەو کۆمەڵگەییەی نەخۆشی و هەژاری و نەزانی تیدا بڵاوە مردن زۆرتر ئەبێت، بەڵام باشبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی و خۆراکی باش یارمەتی دەرە لە کەمبوونەوەی ڕێژەی مردن.واتە تێکڕای مردن، ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری دانیشتوانە. ئاستی شارنشینی دانیشتوان دەردەخات. (عطوی، عبداللة، ٢٠٠١، ١٣٠).

مردن وەکو ڕەگەزێکی سروشتی گەشەی دانیشتوان هاوشێوەی لەدایکبوون لە ناوچەی توێژینەوە هەڵەو کەموکورتی زۆر لە تۆمارکردنی داتاکانی دەبینرێت ، هەروەها داتاکانی مردن بە شێوازێکی هەرەمەکی دوور لە هەموو پێوەرو ئەو ڕێگایانەی پێویستن تۆمار دەکریت وەکو ڕەگەز، گروپی تەمەن، شوێن، بەرواری مردن. کەموکوڕی لە داتاو ئاماری تایبەت بە مردن لە شاری کەلار دەگەڕێنیینەوە بۆ ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:

١. زۆربەی ئەو حاڵەتانەی مردن کە لە دەرەوەی نەخۆشخانەکان ڕوودەدەن تۆمار ناکرێت یان درەنگ تۆمار دەکرێت.

٢. بوونی ئەو پاداشت و کۆمەکانەی کە هەندێك کەس لە کاتی لەدایکبوونی منداڵدا دەستیان دەکەوێت وەکو زیادبوونی موچە و بەشە خۆراک، هاندەری تۆمارنەکردنی مردووەکانیانن.

٣. نزمی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری دانیشتوان وەستنەکردنیان بە گرنگی تۆمارکردنی ناوی مردووەکانیان.

٤. مردنی منداڵی تازە لەدایکبوو، پێش لەدایکبوون یان لە کاتی لەدایکبوونیان چ لە ڕابردوو تاوەکو ڕادەیەکیش لە ئێستادا تۆمار نەکراون. (تالیب، جەزا، ١٩٩٩، ٦٥)

بۆ هەڵسەنگاندن و زانینی تێکڕی ڕێژەی مردن لە شاری کەلار پشت دەبەستین بە هاوکیشەی تێکڕای گشتی مردن، کە ژمارەی مردوان لە ماوەی ساڵێکدا دەردەخات بە


بەراورد لەگەڵ هەر هەزار کەسێك بۆ سەرجەم دانیشتوانی ئەو ساڵە، بەپێی ئەم هاوکێشەیە:
تێکڕای لگشتی مردن= ژمارەی مردوان لە ساڵێکدا ÷ ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ئەو ساڵەدا× ١٠٠٠. (احمیدان، علی، و والحبیس، محمود، ٢٠٠١، ١٤٨)

**خشتەی (٣) ڕێژەی مردن لە شاری کەلار لە ماوەی (٢٠٠٠-٢٠٢٣)/ لە هەزاردا**

| ساڵ | ڕێژەی مردن | ساڵ | ڕێژەی مردن |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٠ | ٣,٣ | ٢٠١٤ | ٤,٨ |
| ٢٠٠٢ | ٥,٨ | ٢٠١٦ | ٣,٦ |
| ٢٠٠٤ | ٦,٨ | ٢٠١٨ | ٣,٥ |
| ٢٠٠٦ | ١٢,٤ | ٢٠٢٠ | ٤,٢ |
| ٢٠٠٨ | ٩ | ٢٠٢٢ | ٣,٢ |
| ٢٠١٠ | ٥ | ٢٠٢٣ | ٢,٥ |
| ٢٠١٢ | ٣ | - | - |
| تێکرای (٢٠٠٠-٢٠٢٣) | - | - | ٥,١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، نوسینگەی تۆماری لەدایکبوون و مردن لە ماوەی (٢٠٠٠-٢٠٢٣). داتای بڵاونەکراوە.

**شێوەی (٣) تێکڕای مردن لە شاری کەلار لە ماوەی (٢٠١٣-٢٠٢٣)/ لە هەزاردا**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

ڕێژەی مردن لە شاری کەلار لە ساڵی (٢٠٠٠-٢٠٢٣) بە سەرنجدان لە خشتەی (٣) و شێوەی (٣) بەرزبوونەوە و دابەزینی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، وەکو دەبینین بەرزترین ڕێژەی مردن لە ساڵی (٢٠٠٦) تۆمارکراوە بە ڕێژەی (١٢,٤)، بەرزی ئەم ڕێژەیە دەگەڕێتەوە بۆ بە هەڵە تۆمارکردنی زانیارییەکان دەربارەی شوێنی نیشتەجێبوونی کەسی مردوو لە تۆمارەکاندا، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (٢٠٢٣) دابەزیوە بۆ (٢,٥) کە بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تەندروستی دانیشتوان و باشتربوونی گوزەرانی خەڵک و پەرەسەندنی کەرتی تەندروستی هۆکاری ئەم دابەزینەیە لە ڕێژەی مردن، هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٠) ڕێژەی مردن بریتییە لە (٣,٣)، لە ماوەی (٢٠٠٢-٢٠٠٤) ڕێژەی مردن بەرزدەبێتەوە بۆ (٥,٨-٦,٨) ئەمەش دوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣) و هاتنی ژمارەیەکی زۆر عەرەب و کوردی ناوچە دابڕاوەکان بۆ شاری کەلار هۆکار بووە بۆ بەرزبوونەوەی ئەم ڕێژەیە، چونکە ناوی مر دووەکانیان لە شاری کەلار تۆمار دەکرا، هەروەها بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان ڕێژەی مردنیش زۆرتر دەبێت. سەبارەت بە ساڵی (٢٠٠٨) ڕێژەی مردن دەگاتە (٩) لە هەزاردا، ئەمەش بە هۆی فراوانبونی شاری کەلار لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆچی بە لێشاوی گوندنشینان بەرەو شارەکە، ئەوە بە خاڵێکی سەرەکی بەرزبوونەوەی ژمارەی مردووان لە شاری کەلار دادەنرێت، ئەم ڕێژەیە لە ساڵانی دواتردا دابەزیوە بۆ (٤,٨،٣,٥) لە هەزاردا، بۆ ساڵەکانی (٢٠١٠- ٢٠١٢- ٢٠١٤) لەو ساڵانەدا هۆکارەکانی مردن وەکو (شەڕ، برسێتی، کارەساتی سروشتی، پەتا و نەخۆشی) ڕوویاننەداوە کە ببنە هۆی زیادبوونی ژمارەی مردووان، بە هەمانشێوە لە ساڵانی (٢٠١٦- ٢٠١٨) ڕێژەی مردن بریتیە لە (٣,٦، ٣,٥) ئەم ڕێژەیە هەر بە نزمیی ماوەتەوە بە بەراورد بە ماوەی پێش خۆی زیادبوونێکی بەرچاوی بەخۆوە نەبینیوە، ئەمەش دەکرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ چەند هۆکارێک کە سەرەکییترینیان دەکرێت ئەمانە بن: پێشکەوتنی کەرتی تەندروستی و زیادبوونی بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانەکان، بەرەوپێشچوونی هۆشیاری تەندروستی هاوڵاتیان، باشتربوونی ڕێگاوبانەکان، لە ماوەی (٢٠٢٠-٢٠٢٢) ڕێژەی مردن بەرزبوەتەوە بۆ(٤,٢، ٣,٢) هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنا کە بووە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردن لە ناوچەی توێژینەوە. تێکڕای گشتی مردن لە ماوەی نێوان (٢٠٠٠-٢٠٢٣) ڕێژەی (٥,١)ی لە هەزاردا تۆمار کردووە، ئەمەش ڕێژەیەکی نزمە و دوورە لە ڕاستییەوە بە بەراورد بە تێکڕای مردن لە(بەریتانیا)بریتییە لە (٩,٢) لە هەزاردا، لە ئەڵمانیا تێکڕای مردن بریتییە لە (١٢) لە هەزاردا (The World Factbook, 2025)، لە کاتێکدا ئەم وڵاتانە لەبواری ئابووری و کۆمەڵایەتی هەنگاوی گەورەیان لە پێشکەوتندا بریوە. دوای شیکردنەوە و خستنەڕووی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

داتاکانی تایبەت بە لەدایکبوون و مردن لە شاری کەلار، پشتبەست بەئەو داتایانەو بە سەرنجدان لە خشتەی (٤) و شێوەی (٤) بۆمان دەردەکەوێت گەشەی سروشتی دانیشتوانی شاری کەلار لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٣) بەرزونزمی زۆری بەخۆیوە بینیوە، کە تیایدا بەرزترین ڕێژەی گەشەی سروشتی دانیشتوان (٤٨,٧) لە هەزاردایە و نزمترین ڕێژەش (٢٣,٤) لە هەزاردایە هەروەها تێکڕای گەشەی سروشتی دانیشتوان لە ماوەی نێوان (٢٠٠٠-٢٠٢٣) ڕێژەی (٣٤,٧) لە هەزاردایە، ئەم ڕێژە بەرزە لە گەشەی سروشتی  بە هۆکارێك دادەنرێت بۆ گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار. بەو ڕێژە بەرزەی گەشەی سروشتی دەچێتە خانەی ئەو ناوچانەی جیهان کە ڕێژەی گەشەی سروشتی دانیشتوان زیاترە لە (٢٥) لە هەزاردا (امام الحزين، عبدالفتاح، ٢٠٠٤، ١٧٩).

**خشتەی (٤) گەشەی سروشتی دانیشتوانی شاری کەلار لە ماوەی (٢٠٠٠-٢٠٢٣)/ لە هەزاردا**

| ساڵ | ڕێژەی گەشەی دانیشتوان | ساڵ | ڕێژەی گەشەی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٠ | ٤٨,٧ | ٢٠١٤ | ٤٦ |
| ٢٠٠٢ | ٣٦,٢ | ٢٠١٦ | ٣٧,١ |
| ٢٠٠٤ | ٣٤,٤ | ٢٠١٨ | ٣٦,٣ |
| ٢٠٠٦ | ٢٤,٢ | ٢٠٢٠ | ٢٨,١ |
| ٢٠٠٨ | ٢٣,٤ | ٢٠٢٢ | ٣٢,١ |
| ٢٠١٠ | ٣٣,١ | ٢٠٢٣ | ٣٠,٤ |
| ٢٠١٢ | ٤٠,٨ | - | - |




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

| | | | |
|---|---|---|---|
| تێکڕا | - | - | ٣٤,٧ |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشتبەستن بە هەردوو خشتەی (١) و(٢).

**شێوەی (٤) گەشەی سرووشتی دانیشتوان لە شاری کەلار لە ماوەی (٢٠٠٠-٢٠٢٣)/ لە هەزاردا**




سەرچاوە: پشتبەستن بە خشتەی (٤)

**دووەم: کۆچ:** کۆچکردن لە گرنگترین و کاریگەرترین پرسەکانی جیهانە، کاتێک مرۆڤێک کۆچ دەکات گۆڕانکارییەک بەسەر باری یاسایی و پێگەیی خۆیدا دەهێنێت، ئەمە وێرای ئەوەی کە کاردەکاتە سەر پێکهاتە و جۆر و ژمارەی دانیشتوان، لەو شوێنەی کۆچی لێ کردووە ژمارەی دانیشتوان کەم دەکات و ئەو شوێنەی کە کۆچی بۆ دەکات ژمارەیان زیاد دەکات. تاوەکو ئێستا پێناسەیەکی گشتگیر کە هەموو توێژەرەکان لەبارەیەوە ڕێککەوتبن بۆ (کۆچکردن)، نییە. بەشی زۆری توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن کە "کۆچکردن" بریتییە لە گواستنەوەی دانیشتوان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە مەبەستی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی. (سەعید،کامەران، ٢٠١٣، ٢٧) سەبارەت بە کاریگەری ڕەگەزی کۆچ لەسەر گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار، دوو جۆر کۆچ بەدیدەکرێت، کە ئەوانیش کۆچی ناوخۆیی و کۆچی دەرەکی یە، لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکەین:

**١. کۆچی ناوخۆ:** گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتوانە لە چوارچێوەی سنوری وڵاتێکدا، لێرەدا مەبەستمان لەو کۆچانەیە کە بە ئاراستەی شاری کەلار بوون، چ ئەو کۆچە لە لادێوە بۆ شار بێت یاخود لە ناوەندە شارنشینەکانی تری قەزای کەلار بۆ شاری کەلار بێت، یاخود لە ناوچە جیاوازەکانی تری دەرەوەی قەزای کەلار بێت بۆ شاری کەلار، گرنگترین جۆرەکانی کۆچی ناوخۆیی لە شاری کەلار بریتیین لەمانە:

**أ. کۆچ لە لادێوە بۆ شار:** بریتییە لە کۆچکردنی دانیشتوانی گوندنشین بەرەو شارەکان، ئەم جۆرە کۆچە بەشی هەرەزۆری زیادبوونی قەبارەی دانیشتوانی سەنتەرە شارنشینەکان پێکدەهێنێت. کۆچکردنی گوندنشینەکان بۆ ناو شارەکان دیاردەیەکی نوێیە و زیاتر دوای پێشکەوتنی هۆکارەکانی گواستنەوە و ڕێگاوبان پەرەی سەندووە. (محمود، شاسوار، ٢٠١٣، ٣٢) بەهۆی نەبوونی داتا و زانیاری دەربارەی ڕێژەی کۆچ لە گوندەکانەوە بۆ شاری کەلار، پەنامان بردووتە بەر بەراورد کردنی ڕێژەی گەشەی شارنشینی قەزای کەلار لەگەڵ گەشەی گوندنشینی قەزای کەلار، بەمشێوەیەش کۆچکردنی گوندنشینانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بە سەرنجدان لە خشتەی (٥) بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی گوندەکان بەرەو نزمبوونەوە ڕۆیشتووە. لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی

شارنشینی (٢٠,٢٪) بووە، بەڵام ڕێژەی گەشەی گوندنشینان (١,٦–٪) بووە. لە قۆناغی دواتر و لە ماوەی نێوان (١٩٨٧-٢٠٠٢) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شارنشینی دابەزیوە بۆ (٣,٨٪) لە بەرامبەردا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنشینی گەیشتووەتە (٠,٦٪) ، سەبارەت بە ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٢٣) نزمترین ئاستی گەشەی ساڵانە بۆ شارنشینی بە ڕێژەی (٢,٩٪) تۆمار کراوە، لە هەمان کاتدا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنشینی دابەزیوە بۆ (٢,٩–٪)، ئەمەش دەریدەخات کە شارەکان شوێنی ڕاکێشانی دانیشتوانی گوندەکانن.لە ماوەی نیوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢٣) تێکرای گەشەی شارنشینی (٦,٧٪) بووە، لە بەرامبەردا گەشەی گوندنشینی (١,٥–٪) بووە.

**خشتەی (٥) تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی سەنتەرە شارنشینی و گوندنشیینەکانی قەزای کەلار لەماوەی (١٩٧٧-٢٠٢٣)/ (٪)**

| ماوە | شارنشینی قەزای کەلار | گوندنشینی قەزای کەلار |
|---|---|---|
| ١٩٧٧-١٩٨٧ | ٢٠,٢ | ١,٦– |
| ١٩٨٧-٢٠٠٢ | ٣,٨ | ٠,٦ |
| ٢٠٠٢-٢٠٢٣ | ٢,٩ | ٢,٩– |
| ١٩٧٧-٢٠٢٣ | ٦,٧ | ١,٥– |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر، پشتبەستن بە:

١. نتائج ترقيم المباني وحصر السكان لسنة (١٩٧٧)، لمحافظة سليمانية، مطبعة الجهاز المركزي، للأحصاء، بغداد (١٩٧٨)، جدول رقم (٢٢)، ص٢٩، ٣٦١.

٢. وزارة تخطيط الجهاز المركز للاحصاء هيئة للتعداد العام ودراسات السكانية، نتائج ترقيم المباني، حصر السكان لمحافظة السليمانية للسنة (١٩٨٧)، ص١٢-١٤.
٣. مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية والارتكازية لإقليم كوردستان، لسنة ٢٠٠٢، ص١٢.
٤. حكومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣.

ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە؛ کە کۆچی گوندنشینان بۆ شارەکان ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی گێڕاوە لە گەشەسەندنی دانیشتوانی شاری کەلار، لە خوارەوە بە وردی ئاماژە بە هەریەکێك لەو هۆکارانە دەکەین کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە کۆچکردنی گوندنشینان بۆ شاری کەلار.

١. **هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی:** یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی کۆچکردن لە گوندەوە بۆ شار؛ بریتییە لە جیاوازی داهاتی تاک لەنێوان گوند و شاردا، بڕی داهاتی تاک کە لە کەرتێکی کشتوکاڵ دەستیدەکەوێت کەمترە لەو بڕە داهاتەی کە لە کەرتێکی تری ئابوری لە شاردا دەستیدەکەوێت، زۆربوونی پێداویستی و داواکارییەکانی تاک و گرانیی بەدەستهێنانی ئەو داواکارییانە لە گوندەکاندا دەبێتە هۆی کۆچکردن بۆ شارەکان. (حسێن، بێستون، ٢٠١٣، ٤٩) بەهۆی گۆڕانی ئاووهەوا و کەمبوونەوەی بارانبارین و وشکبوونەوەی زۆرینەوەی کانیاو و سەرچاوەکانی ئاوەوە، زۆرینەی گوندەکانی سنوری قەزای کەلار کە سەرقاڵی کاری ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بوون، بەهۆی نەمانی سەرچاوەی بژێوییانەوە گوندەکانیان بەجێهێشت و کۆچیان بۆ شاری کەلار کرد.

٢. **هۆکاری سیاسی:** بارودۆخی سیاسی و سەربازی بە گرنگترین هۆکاری ڕاستەوخۆی زیادبوونی ڕێژەی کۆچ دادەنرێت لە ناوچەکانی دەوروبەری کەلارەوە بۆ سەنتەری شاری کەلار، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ حکومەتی عێراق دەستیکرد بە ڕووخاندنی گوندەکانی ناوچەی گەرمیان و هێنانیان بۆ سەنتەری قەزای کەلار و کفری و ئۆردوگای زۆرەملێی (سمود)، کە ژمارەیەکی زۆریان لەناو شاری کەلاردا جێگیرکران و نیشتەجێبوون. هەروەها جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق- ئێران هۆکارێکی تر بوو لە کۆچکردنی دانیشتوانی قەزای خانەقین بەرەو ناوچەکانی دیکە بەتایبەتی بۆ قەزای کەلار، ئەوەش بەهۆی نزیکی خانەقین لە بەرەی جەنگ. (المؤشرات مديرية أحصاء السليمانية، ٢٠٠٢، ٢١١)

٣. **هۆکاری خزمەتگوزاری:** جیاوازیی لە دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان لە شار و گوندەکان هەمیشە هۆکارێک بووە کە گوندنیشنان بۆ شارەکان کۆچ بکەن، شاری کەلار بەوپێیەی سەنتەری قەزای کەلار و ئیدارەی گەرمیانە، زۆرێک لە دامودەزگاکانی حکومەت و خزمەتگوزارییە تەندروستی و پەروەردەییەکانی تێدایە، کە ئەوانەش بە بەردەوامی هۆکار بوون بۆ ئەوەی خەڵک لە سەنتەری شارەکەدا نیشتەجێ ببن.

**ب. کۆچی هاتوو لە دەرەوەی سنوری قەزای کەلار:** یەکێکی تر لە جۆرەکانی کۆچی ناوخۆیی بریتییە لە کۆچکردنی دانیشتوان لەو شار و شارۆچکانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنوری قەزای کەلار؛ بۆ شاری کەلار و دەوروبەری، هەرچەندە ناتوانین داتای ورد و دروست دەربارەی قەبارەی ئەم جۆرە کۆچەمان دەستبکەوێت، بەڵام بەهۆی جەنگی نێوان عێراق- ئێران لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی قەزاکانی (خانەقین و دەربەندیخان) ڕوویان لە شاری کەلار کرد و تێیدا نیشتەجێبوون، هەروەها لە ساڵی (١٩٩١) ڕێژەی دانیشتوانی شاری کەلار بە هەمانشێوە بەرزدەبێتەوە، ئەمەش بە هۆی کۆچپێکردنی دانیشتوانی قەزای کفری و ناحییەکانی کۆکس و جەبارە و قەرەتەپە؛ هەروەها ڕاگوێزانیان بۆ کۆمەڵگەی زۆرەملێی سمود، (عەلی، عوسمان، ٢٠١٤، ٥٧) ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە لە (٣/نیسانی ٢٠٠٣) هۆکارێکی تر بوو کە

ژمارەی دانیشتووانی شاری کەلار زیاد بکات، ئەوش بەهۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ ئەم شارە و باشبوونی بارودۆخی ئابووری ناوچەکە و سەقامگیریی شارەکە. (احمد، بنار، ٢٠١٦، ٢٩)

**پوختەی کۆچ:** بریتییە لە جیاوازی لەنێوان ژمارەیی ئەو کەسانەی کۆچیان بۆ ناوچەیەک کردووە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەو ناوچەیەوە کۆچیان بۆ دەرەوە کردووە؛ لە ماوەیەکی دیاریکراودا. (حسێن، بێستون، ٢٠١٣، ٥١)، یەکێک لە دیارترینی ئەو گرفتانەی کە لەم ڕووەوە ڕووبەڕووی توێژەر بووەتەوە بریتییە لە نەبوونی داتا و ئاماری فەرمی، بۆیە توێژەران پەنایان بۆ چەند پێوەرێکی تر بردووە بە ئامانجی زانینی پوختەی کۆچ، لە گرنگترینی ئەو پێوەرانەش بریتین لە: (الحديثي، طه، ٢٠٠٠، ٤٥٤)

١. پێوەری ئاماری تۆمارە ژیارییەکان.
٢. پێوەری ڕێژەی مانەوە.
٣. پێوەری شوێنی لەدایکبون.
٤. پێوەری بەراوردکردنی گەشەی دانیشتوان.

بەهۆی نەبوونی داتای پوختەی کۆچ لە شاری کەلار، لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەماندا (١٩٧٧-٢٠٢٣)، پشتبەستراوە بە ڕێگەی چوارەم، ئەوەش بە دەرهێنانی جیاوازی لەنێوان ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شارەکە لە گەشەی دانیشتوانی قەزای کەلار بەپێی ئەم هاوکێشەیە: (محمد، اسماعیل، ٢٠٠٥، ١١٠)

**پوختەی کۆچ = ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شار – ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزا.**

بەپێی ئەم هاوکێشەیە، پوختەی کۆچ لە شاری کەلار لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢٣) گەیشتووەتە (٢,٥٪)، بە سەرنجدانیش لە خشتەی (٦) پوختەی کۆچ لە ماوەی نیوان (١٩٧٧-١٩٨٧) ڕێژەکەی گەیشتووەتە (١٢,٢٪)، هۆکاری ئەم بەرزبوونەوەیە حاڵەتێکی ئاسایی نییە، بەڵکو دەرئەنجامی سیاسەتێك بووە کە حکومەتی بەعس پەیڕەوی کردووە، کە بەهۆیەوە دانیشتوانی گوندەکانی دەورووبەری قەزای خانەقین بوو بەرەو شاری کەلار کۆچیان کرد، لە ماوەی نێوان (١٩٨٧-٢٠٠٢) بەشێوەیەکی گشتی پوختەی کۆچ نەرێنییە و ڕێژەکەی گەیشتووەتە (٠,٧-٪)، ئەمەش لە ئاکامی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی هەرێمی کوردستان و دەورووبەری قەزای کەلار لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١) دا، کە بوو بەهۆی دروستبوونی کۆچی پێچەوانە لە شارەوە بۆ لادێ.

**خشتەی (٦) تێکڕای پوختەی کۆچ لە شاری کەلار لە ماوەی نێوان (١٩٧٧-٢٠٢٣)**

| ماوە | ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شار ٪ | ڕێژەی گەشەی ساڵانەی قەزا ٪ | پوختەی کۆچ |
|---|---|---|---|
| ١٩٧٧-١٩٨٧ | ٢١,٢ | ٩ | ١٢,٢ |
| ١٩٨٧-٢٠٠٢ | ٢,٤ | ٣,١ | -٠,٧ |
| ٢٠٠٢-٢٠٢٣ | ٢,٨ | ٢,٢ | ٠,٦ |
| ١٩٧٧-٢٠٢٣ | ٦,٤ | ٣,٩ | ٢,٥ |


سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەستن بە خشتەی(١)





Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**شێوەی (٥) ڕێژەی پوختەی کۆچ لە شاری کەلار، لە ماوەی (١٩٧٧-٢٠٢٣)**




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەستن بە خشتەی(١)

لە قۆناغی نێوان ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٢٣)، پوختەی کۆچی ساڵانەی شاری کەلار بریتییە لە (٠,٦٪)، ئەمەش بەهۆی جیاوازی خزمەتگوزارییەکانی کەرتی (تەندروستی، فێرکردن، ئاو و کارەبا، ڕێگاوبان) لەگەڵ هەبوونی هەلی کار و چەندین هۆکاری تر، کە سەرجەمیان هێزی ڕاکێشانی دانیشتوانن بۆ شاری کەلار.

**باسی سێیەم: هۆکارەکانی گەشەی دانیشتوان**

بە گشتی چەندین فاکتەر هەن کاریگەری لەسەر گەشەی دانیشتوانی شار هەیە، هاوشانی ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

**یەکەم: هۆکاری سروشتی:** هۆکارە سروشتییەکان فاکتەرێکی گرنگی کاریگەرن بەسەر گەشەی دانیشتووانەوە، لە پلەی یەکەمدا؛ جیاوازی نێوان ڕێژەی لەدایکبوون و ڕێژەی مردن و شێوازی کۆچکردن دەگرێتەوە، گەشەی دانیشتووان ڕەنگدانەوەی هاوسەنگی نێوان ئەو پرۆسانەیە کە قەبارەی دانیشتووان زیاد و کەم دەکەنەوە. ئەم هۆکارە سروشتییانە بنەما و کۆڵەکەیەکی بنچینەیین بۆ فراوانبوون و پێشکەوتنی شارەکان.لێرەدا ئاماژە بە کۆمەڵێک هۆکاری سروشتی دەکەین کە کاریگەری بەرچاویان هەبووە لەسەر گەشەی دانیشنوانی شاری کەلار، ئەم هۆکارانە بریتیین لە (شوێنی جوگرافی، پێکهاتەی جیۆلۆجی، بەرز و نزمی، دەرامەتی ئاو، ئاووهەوا و خاک)، ئەم ڕەگەزانە پێکەوە کاریگەریان بەجێهێشتوە .شوێنی جوگرافی شاری کەلار کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر فراوانبوونی ڕووبەر و گەشەی دانیشتووانی شارەکە هەبووە؛ بە ئێستاشەوە، نزیکیی لە ئێران و هەردوو دەروازەی سنووریی (پەروێزخان، پشتە) بزاوتێکی ئابوری گرنگی لە شارەکەدا درووستکردووە، هەروەها ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە سەر هێڵی گواستنەوەی (سلێمانی- کەلار- بەعقوبە- بەغدا)، لە ڕووی پێکهاتەی جیۆلۆجییەوە شاری کەلار بە شێوەیەکی گشتی زۆر گونجاوە بۆ پەرەسەندنی

گەشەکردن و ئاوەدانیی، چونکە خاکەکەی لەبارە بۆ دروستکردنی بینا و ڕێگاوبان و سەرجەم پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی تر. سەبارەت بە بەرزی و نزمی ناوچەی لێکۆڵینەوە، تا ڕادەیەکی زۆر تەختاییە و بەرز و نزمییەکی زۆری تێدا نیە لێژییەکی وا دروست بکات کە ببێتە هۆی ئاستەنگ لە بەردەم پرۆژەکانی خزمەتگوزاری و دروستکردنی بینا، بێجگە لە ناوچەکانی سنوری گەرەکی بەردەسوور نەبێت، کە تاڕادەیەک بەرز بووەتەوە. لە هەمان کاتدا ئاو و هەوای شاری کەلار (پلەی گەرما، باران ، با) لەبار و شیاو بووە بۆ گەشەی دانیشتوانی شارەکە. (عبدالقادر، مقداد حسن ٢٠١٤، ١٤)، هەروەها لە ڕووی دەرامەتی ئاوەوە، شارەکە پێکدێت لە ڕووباری سیروان لەگەڵ دۆڵ و چەمە وەرزییەکان، ئەوانە ئاوی سەرزەوی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنن، لە دیارترینی ئەو چەمانەش بریتیین لە (چەمی بەردەسور، چەمی سەید خەلیل، چەمی پونگەڵە)، هەروەها پێکهاتەی جیۆلۆجی شاری کەلار دۆخێکی وەهای هەیە کە شارەکەی لە ڕووی سەرچاوەی ئاوی ژێرزەوی دەوڵەمەند کردووە. سەبارەت بە خاکەکەشی، هێندە کونیلەدارە کە یارمەتییدەرە لە ڕۆچوونی ئاوی باران و ڕووبار بۆ ژێرزەوی. (مەحمود، سنور، ٢٠٢٣، ٣٧-٣٨).

**دووەم هۆکاری مرۆیی:** ئەمەش چەند هۆکارێك دەگرێتەوە:

**١. هۆکاری دیمۆگرافی:** لێکۆڵینەوە لە ڕواڵەتەکانی دیمۆگرافی، بە تایبەت لە گەشەسەندنی دانیشتوان، بە یەکێك لە هۆکارە پێویست و گرنگەکان دادەنرێت بۆ پەردەلادان لەسەر پێشکەوتنی دانیشتوانی شار و بە یەکێك لەو هۆکارانە دادەنرێت کە کار دەکاتە سەر ژینگەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و شارستانی. (زێباری، طاهر، ٢٠٠٠، ٧) فاکتەرە دیمۆگرافییەکانی گەشەی دانیشتوان لە شاری کەلار بەرئەنجامی دوو ڕەگەزی سەرەکییە، ئەوانیش: زیادبوونی سروشتی و جوڵەی شوێنی (کۆچ)ن، ئەم دوو ڕەگەزەش هۆکاری سەرەکی بوون لە گەشەی دانیشتوان لە شاری کەلار، وەکو لە باسی یەکەمدا بە وردی باسمان لێوە کردووە، ڕێژەی لەدایکبوون (٣٩,٨) لە هەزاردایە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٣)، کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە و کاریگەری زۆری لەسەر گەشەی دانیشتوان هەبووە، بەڵام لە بەرامبەر ئەم ڕێژە بەرزەی لەدایکبوون ڕێژەی مردن لەم ماوەیەدا بریتییە لە (٥,١) لە هەزاردا، وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە؛ لە ئەنجامدا تێکڕای زیادبوونی سروشتی ڕێژەیەکی بەرزی تۆمار کردووە و بریتییە لە (٣٤,٧) لە هەزاردا. سەبارەت بە پوختەی کۆچ لە شاری کەلار لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢٣) گەیشتووەتە (٢,٥٪)، ئەمەش بە بەراوردکردنی گەشەی ساڵانەی شار و گەشەی ساڵانەی قەزا دەبینین، پوختەی کۆچ لەم ماوەیەدا لە بەرژەوەندی شاری کەلار بووە، ئەمەش بەهۆی سیاسەتێك بووە کە حکوومەتی بەعس لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بە تایبەتی پەیڕەوی کردووە، بە تایبەتی لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە بەهۆیەوە کۆچکردن و ڕاگواستنی گوندنشینان بەرەو شارەکان دەستپێکرد، بەمشێوەیە دانیشتوانی گوندەکانی قەزای کەلار و دەوروبەری قەزای خانەقین بەرەو شاری کەلار کۆچیان کرد.

**٢. هۆکاری کارگێری:** مەڵبەندی یەکە کارگێرییەکان بە بەراورد لەگەڵ گوندەکان، جێگای بایەخپێدانی زیاترن لە لایەن لایەنە پەیوەندییدارەکانەوە، چونکە دەبنە سەنتەرێك بۆ کۆبونەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت و خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان کە بەپێی ڕیزبەندی یەکە کارگێرییەکان دەگۆڕێن، بە جۆرێك یەکە کارگێرییەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر هێزی کێشکردنی دانیشتوان دەبێت، دانیشتوان زیاتر ئارەزووی نیشتەجێبوون لەو ناوچانە دەکەن کە زۆرترین دامودەزگای حکومی و کارگێری تێدا کۆبووەتەوە. (ئەحمەد، پشتیوان، ٢٠١٢، ٢٠٠) شاری کەلار بەهۆی گۆڕانکارییە کارگێرییەکانەوە لە ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا دوای ئەوەی شاری کەلار ڕاستەوخۆ لە گوندەوە کراوە بە شار و سەنتەری قەزای کەلار و دواتر

ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، ژمارەیەکی زۆر هێزی کار ڕووی تێکرد، چونکە شارەکە گەشەکردنێکی زۆری بەخۆیەوە بینی لەڕووی کارگێری و خزمەتگوزاری و بازرگانی. (ئینسایکلۆپیدیای گەرمیان، ٢٠٢٤، ١٧٨، ١٨١) لە ئێستادا شاری کەلار گەورەترین ناوەندی شارنشینیە لە قەزاکەدا و کۆی ژمارەی دانیشتوانی (١٦٣٤٩٦) کەسە لە ساڵی (٢٠٢٣) و ژمارەی فەرمانگە حکومییەکانی سنوری شاری کەلار (٣٣) فەرمانگەیە، ئەم دامەزراوانە بە شێوەیەکی یەکسان دابەش نەبوونەتە سەر گەڕەکەکان.

**٣. هۆکاری ڕامیاری:** هۆکاری ڕامیاری بە داینامۆی گۆڕانکاری هەلومەرجە مێژووییەکان دادەنرێت، بۆیە ناکرێت لە ئاڵوگۆڕە مێژووییەکان و گواستنەوەی کۆمەڵگە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر تێبگەین؛ بەبێ لێکدانەوەی بارودۆخە ڕامیارییەکان بەشێوەیەکی بابەتییانە. (کریم، ڕۆژان و سعید، کامران، ٢٠٢٢، ٣١٤، ٣١٥) شاری کەلار دوای ئەوەی کرا بە ناوەندی قەزای کەلار لە ساڵی (١٩٧٠)، لەوە بەدواوە ڕووبەڕووی کۆچی گوندنشینان و ناوچەکانی دەوروبەری قەزای کەلار بوویەوە؛ یەکێک لە هۆکارەکانیش بریتی بوو لە جەنگی عێراق-ئێران کە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕوویدا و بوو بە هۆی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان بەرەو سەنتەری شاری کەلار، هەروەها ڕووخاندنی گوندەکانی دەوروبەری ناوچەی گەرمیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە و ڕاگواستنی خەڵکی ئەو گوندانە بۆ ناوەندی کەلار و کفری و ئۆردوگای زۆرەملێی سمود؛ کە ژمارەیەکی زۆریان لەناو شاری کەلار نیشتەجێ بوون. هەروەها لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ی خەڵکی هەرێمی کوردستان؛ پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا، هەموو ئەوانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، شاری کەلاریش بەدەر نەبووە لەو زیادکردنەی ژمارەی دانیشتوان. یەکێکی ترلە هۆکارەکانی گەشەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە، ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بوو لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە لە (٣/ نیسانی ٢٠٠٣)، بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوەڕاست و باشووری عێراق کۆچیان کرد بۆ شاری کەلار و بەوەش دانیشتوانی شارەکە زیادیکرد، هەروەها باشتربوونی بارودۆخی ئابووری ناوچەکە و سەقامگیریی شارەکە. ئەم زیادکردنەی ژمارەی دانیشتووان درێژەی کێشاوە تاوەکو ساڵی (٢٠٢٣).

**٤. هۆکاری ئابووری:** شارەزایان و پسپۆڕان پێیانوایە شارەکان ئەو ناوەندە ئاوەدانەن بە دانیشتوان؛ کە تێیاندا چەندین چالاکیی ئابووری ئەنجامدەدرێن، کە بە شادەماری بوژانەوە و پەرەسەندنی چالاکییە ژیاری و ئابورییەکان دادەنرێن، ئەمەش هۆکارە بۆ زۆربوون و گەشەی دانیشتوانی شارەکان بەراورد بە گوندەکان. (حسن، عدنان، ٢٠٠٢، ٧٠) گرنگترین هۆکارە ئابورییەکانی سەر گەشەکردنی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوە، بریتین لە:

**أ. ڕێگاکانی گواستنەوە:** بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی هاتووچۆ و گواستنەوە لە شارەکاندا گرنگە، چونکە ئاسانکاری بۆ جوڵەی دانیشتوان لە هەموو بەشێکی ناو شارەکە و دەرەوەیدا دەکات، خزمەتگوزارییەکانی تری بە بێ هەبوونی شەقام و گواستنەوە بەهایەکی ئەوتۆیان نابێت و بەکارهێنانیان ئەستەم دەبێت. (محمد، شاد، ٢٠١٩، ٦٤) بە دیقەتدان لە خشتەی (٧) دەبینین شاری کەلار بە هێڵی گواستنەوەی قیرتاوی ئۆتۆمبێل بەستراوەتەوە بە ناحیەکانی دەوروبەری خۆیەوە، لەوانەش یەکە کارگێرییەکانی (کەلار- ڕزگاری)، درێژییەکەی بریتییە لە (٩,١٣) کم، ڕێگای ( کەلار- پێباز)، درێژییەکەی (٣١,٤٦) کم، ڕێگای شاری ( کەلار- شێخ تەویل)، درێژیەکەی (٦٨,٩٥) کم. ئەم ڕێگایانە بونەتە هۆی بەستنەوەی ناحییەکان و گوندەکان بە شاری کەلارەوە، ئەمەش هۆکارێکی باشە بۆ ڕاکێشان و کۆچکردنی دانیشتوان بۆ ئەم شارە، بۆ مەبەستی ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانیان، یاخود نیشتەجێبوونیان تیایدا. هەروەها شارەکە بە ژمارەیەك ڕێگای سەرەکی بەستراوەتەوە بە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

شارەکانی دەوروبەری لەگرنگترینیان؛ ڕێگای سەرەکی کەلار- سلێمانی یە، ئەم ڕێگایە بە ناوەڕاستی شاردا تێپەڕدەبێت؛ قەزای خانەقین و مەرزی پەروێزخان و ناوچەکانی دەوروبەریان دەبەستێتەوە بە پارێزگای سلێمانی یەوە، درێژیی ئەم ڕێگا سەرەکییە بۆ شاری سلێمانی (١٠٣کم)ە، هەروەها لە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەلار ڕێگایەک بە درێژیی (٢٦,٥کم)ە شارەکە دەبەستێتەوە بە مەرزی پەروێزخانەوە، لە لای ڕۆژئاواشییەوە ڕێگای سەرەکی کەلار- کفری هەیە کە درێژییەکەی بریتییە لە (٣٥)کم، هەروەها ناوچەی توێژینەوە بە درێژیی (٦٥)کم دەبەسترێتەوە بە شاری دەربەندیخانەوە، بە شاری خانەقینەوە بەستراوەتەوە بە درێژی (٣١,٥) کم، هەروەها ڕێگای سەرەکی (کەلار- هەڵەبجە) بە (٨٦)کم ڕێگای قیرتاو بەستراونەتە بە یەکترەوە، ڕێگای سەرەکی (کەلار- بەعقوبە) بریتییە لە (١١٨)کم ڕێگای قیرتاو، ڕێگای سەرەکی (کەلار- کەرکوك) بریتییە لە (١٢٧) کم ڕێگای قیرتاو، ڕێگای سەرەکی (کەلار- بەغداد) بریتییە لە (١٧١)کم ڕێگای قیرتاو.

**خشتەی (٧) دووری ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان شاری کەلار و شار و ناحییەکانی دەوروبەری شارەکە بۆ ساڵی ٢٠٢٣.**

| ژ | ڕێگای سەرەکی | جۆرەکەی | درێژی بە (کم) |
|---|---|---|---|
| ١ | کەلار- سلێمانی | قیرتاو | ١٠٣ |
| ٢ | کەلار- پەروێزخان | قیرتاو | ٢٦,٥ |
| ٣ | کەلار- کفری | قیرتاو | ٣٥ |
| ٤ | کەلار- دەربەندیخان | قیرتاو | ٦٥ |
| ٥ | کەلار- خانەقین | قیرتاو | ٣١,٥ |
| ٦ | کەلار- هەڵەبجە | قیرتاو | ٨٦ |
| ٧ | کەلار- بەعقوبە | قیرتاو | ١١٨ |
| ٨ | کەلار- کەرکوك | قیرتاو | ١٢٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩ | کەلار- بەغداد | قیرتاو | ١٧١ |
| ١٠ | کەلار – ڕزگاری | قیرتاو | ٩,١٣ |
| ١١ | کەلار – پێباز | قیرتاو | ٣١,٤٦ |
| ١٢ | کەلار – شێخ تەویل | قیرتاو | ٦٨,٩٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: Google Earth Pro

ب. **بازرگانی:** بازرگانیی بە وەزیفەی سەرەکی دادەنرێت کە بەشدارە لە ڕاکێشانی دانیشتوان بەرەو سەنتەری شارەکان، ئەو وەزیفەیە کە کۆنترۆڵی ڕێژەیەکی زۆر لە کرێکارانی نێو چالاکییەکانی شاردا دەکات. شاری کەلار، بەهۆی گرنگی شوێنەکەی و هەڵکەوتە جوگرافییەکەی کە دەکەوێتە نێوان شارەکانی (سلێمانی، کفری، کەرکوک، خانەقین) بووە بە ناوچەیەکی گرنگی بازرگانیی، هەروەها لە ئێستادا مەڵبەندی شارستانی بازرگانیی ناوچەی گەرمیانە و نزیکە لە دەروازە سنورییەکانی پەروێزخان، مەنزەرییە، پشتە، کە ڕۆژانە لە ڕێگەی ئەم دەروازانەوە بەتایبەتیش دەروازەی پەروێزخان بە سەدان تون شمەک و کاڵای جۆراوجۆر هاوردەی خاکی هەرێمی کوردستان دەکرێت، لە هەرێمیشەوە بۆ پارزێگاکانی باکور و باشور و ناوەراستی عێراق دەگوێزرێنەوە. (محمد، نەرمین، ٢٠٢٣، ١٣، ٢٢، ٣٧).

ج. **چالاکی پیشەسازی:** پێشکەوتنی پیشەسازی هۆکارێکی گرنگە لە بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی دانیشتوان و ڕەخساندنی هەلی کار و خۆشگوزەرانییان، ئەمەش ڕاستەوخۆ هۆکارە بۆ فراوانبوونی دانیشتوان. (شعیر، صلاح، ٢٠٢٣، ٢١).

شاری کەلار لە سەرەتای بە قەزابوونییەوە بەشێوەیەکی گشتی جۆرێك لە پیشەساری تێدا ئەنجامدەدرێت و گەشەکردنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، ئەم گەشەکردنە تاوکو ئێستاش بەردەوامە، کەرتە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە بازاڕێکی باشیان لەسەر ئاستی ناوچەی گەرمیان هەیە. لەو پیشەسازییە گرنگانەی کە کاریگەریی لەسەر ئاوەدانی ناوچەکەوە هەیە و کەرەستەی سەرەکی دروستکردنی بیناکانیەتی، هەروەها چەندین جۆر پیشەسازی جۆراو جۆر لە ناوچەکە بوونی هەیە لەوانەش پیشەسازی ( بلۆك و دارتاشی و ئەلەمنیۆم و نایلۆن و پلاستیك... هتد)، و پیشەسازییە خۆراکییەکانی وەکو(نان و سەمون و دروستکردنی شیرینی و ساردەمەنی ....هتد). بەمشێوەیە شاری کەلار بووەتە ناوەندێکی گرنگی پیشەسازی بۆ ناوچەکانی دەوروبەری.

د. **خزمەتگوزاری:** فراوانبوونی ڕووبەری زەوی کە بەکاردەهێنرێت بۆ خزمەتگوزاری یەکان دادەنرێت بە تایبەتمەندییەکی گەورە لە ژێرخانی ئاوەدانی شار لە سەردەمی نوێدا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی زیادبوونی داواکاری دانیشتوان و پێشکەوتنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی، جیاوازی دەزگا خزمەتگوزارییەکان، لە شارەکان بە پێی پلەی کارگێڕییەکان وەك سەنتەری پارێزگا و قەزا و ناحییەکان، بە تایبەت سەنتەری پارێزگا و قەزاکان کە زۆرترین خزمەتگوزاری پەروەردەیی، تەندروستی، ڕۆشنبیریان تێدایە و کەم بوون یان سنورداری لە گوندەکاندا پاڵنەرە بۆ کۆچی گوندنشینان بەرەو شارەکان. بەو پێیەی شاری کەلار سەنتەری کارگێڕی قەزان و زۆربەی دام و دەزگا حکومی، خزمەتگوزارییە پەروەردەیی، ڕۆشنبیری، تەندروستی و خزمەتگوزارییە گشتییەکانیان لە خۆ گرتووە، کەمی و سنوردار یان نەبوونی ئەم خزمەتگوزارییانە لە گوندەکان پاڵنەری سەرەکی بوون بۆ کۆچکردنی گوندنشینەکان بۆ شاری کەلار.

**دەرئەنجام**

١. شاری کەلار لە ڕووی شوێن و پێگەوە، گرنگییەکی تایبەتی هەیە، لەو ڕووەوە کە نزیکە لە خاڵی سنوری نێودەوڵەتی پەرویزخانەوە، هەروەها لە ڕووی کارگێڕییەوە سەنتەری قەزای کەلار و ئیدارەی گەرمیانە، ئەوانەش وایانکردووە شارەکە بەردەوام شوێنی کۆبوونەوەی دانیشتوان بێت کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی زیادبوونی قەبارە دانیشتوانەکەی.

٢. شاری کەلار لە تێکڕای ماوەی توێژینەوەکە گۆڕانکاری دیمۆگرافی گەورەی بەسەردا هاتووە، بە جۆرێك بەرزترین ڕێژەی گەشەکردن لە ماوەی(١٩٧٧-١٩٨٧) بە ڕێژەی(٢١,٢٪) نزمترین ڕێژەش (١٩٩٨-٢٠٠٢) ڕێژەکەی (٢,٤٪) ئەو بەرزترین ڕێژەیەش لەو ماوەیەدا بەهۆی گەشەی سروشتی دانیشتوان، هەروەها کۆچ پێکردنی زۆرەملێ لە گوندەکانەوە بۆ شار لە لایەکی تر بوونی کەموکوڕی لە داتاکانی تایبەت بە دانیشتوان.

٣. گەشەی سرووشتی لە شاری کەلار لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٠) بریتییە لە (٣٤,٥) لە هەزاردا، ئەم ڕێژە بەرزە لە گەشەی سرووشتی بە هۆکارێك دادەنرێت بۆ گەشەی دانیشتوانی شاری کەلار.

٤. جگە لە گەشەی سروشتی و کۆچ هۆکارە سروشتیەکان و مرۆیەکان( شوێنی جوگرافی و بەرزونزمی و پێکهاتەی جیۆلۆجی و ئاوو هەوا و دەرامەتی ئاو هەروەها هۆکاری دیمۆگرافی و ڕامیاری و ئابووری) ڕۆڵیان هەبووە لە گەشەکردن و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان لە شاری کەلار.

**پێشنیارەکان**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەم پێشنیارانە ئەکەین:

١. گرنگییدانی زیاتری لایەنە پەیوەندییدارە حکومییەکان بە تۆمارکردنی داتاکانی لەدایکبوون و مردن لە شاری کەلار، چونکە وەکو دەبینرێت داتا و ئامارەکان کەموکورتی زۆریان تێدایە.

٢. پەیڕەوکردنی سیاسەتی دانیشتوان لەلایەن حکوومەتەوە بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر ئەو گرفتانەی کە دەکرێت لە داهاتوودا ڕووبەڕووی دانیشتوانی شارەکان ببنەوە. ئەوەش بە هۆی زۆربوونی قەبارەی دانیشتووان بە شێوەیەکی بێپلان.

**پاشکۆی (١)**

ژمارەی دانیشتوانی شاری کەلار و شارنشین و گوندنشینی قەزا و قەزای کەلار و ئیدارەی گەرمیان

| ساڵ | شاری کەلار | شارنشینی قەزا | گوندنشینی قەزا | قەزای کەلار | ئیدارەی گەرمیان | شارنشینی ئیدارەی گەرمیان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٧ | ٩١٧٧ | ١٠٤٤٨ | ٢٧١٤٧ | ٣٧٥٩٥ | ٨٦٩١٠ | ٥٣٠٣٨ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٨٧ | ٦٣١٠٢ | ٦٦١٢٦ | ٢٢٩٨٥ | ٨٩١١١ | ١١١٩٢٧ | ٩٤٩٠١ |
| ٢٠٠٢ | ٩٠٥١٩ | ١١٥٩٥٣ | ٢٥١٣٣ | ١٤١٠٨٦ | ١٧٥٨٣١ | ١٧٤٦٥٨ |
| ٢٠٢٣ | ١٦٣٤٩٦ | ٢١١٣٤٤ | ١٣٤٤٤ | ٢٢٤٧٨٩ | ٣٠٢٥٢٠ | ٢٥٤٨٠٥ |

١. نتائج ترقيم المبانى وحصر السكان لسنة (١٩٧٧)، لمحافظة سليمانية، مطبعة الجهاز المركزى، للأحصاء، بغداد (١٩٧٨)، جدول رقم (٢٢)، ص٢٩، ٣٦١.

٢. وزارة تخطيط الجهاز المركز للاحصاء هيئة للتعداد العام ودراسات السكانية، نتائج ترقيم المبانى، حصر السكان لمحافظة السليمانية للسنة (١٩٨٧)، ص١٢-١٤.

٣. مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية والارتكازية لإقليم كوردستان، لسنة ٢٠٠٢، ص١٢.

٤. حكومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

**ليستى سەرچاوەكان**

**سەرچاوە كوردييەكان (كتێب)**

١. غەفور، عەبدوڵڵا ٢٠١٢: جوگرافیای دانیشتوان، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢. سهاونە، فەوزی عبد و سمحە، موسا عەبودە ٢٠٠٩: جوگرافیای دانیشتوان، و. هیوا ئەمین شوانی، هەولێر، چاپخانەی موکریانی.

٣. سەعید، کامەران تاهر٢٠١٣: جوگرافیای عێراق(مرۆیی و چالاکی ئابوری)،چاپخانەی نارین، هەولێر.

٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان٢٠١٣، وەزارەتی ناوخۆ، کارو پرۆژە و چالاکیەکانی ئیدارەی گەرمیان، ئامادەکردنی بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی ئیدارەی گەرمیان، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٥. ئینسایکلۆپیدیای گەرمیان ٢٠٢٤: لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی زانکۆی گەرمیان، بەرگی دووەم، چاپخانەی کلوو.

٦. حسن، عدنان السید ٢٠٠٢: جوگرافیای (ئابووری- دانیشتوان)ی هاوچەرخ، و. فرمان عبدالرحمان و محمد فاتح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

**سەرچاوە كوردييەكان (نامەی زانكۆيى)**

١. حاجی، ئەرسەلان ڕۆستەم و تۆفیق، پێشرەو سەمەد ٢٠٢٢: شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوانی شاری کۆیە لە ماوەی (١٩٥٧-٢٠٢٠)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خول ٩، ژمارە ٤.

٢. عبدالقادر، مقداد حسن ٢٠١٤، شاری کەلار- لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٣. محمود، شاسوارمحمد، ٢٠١٣، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای دوکان، ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێجی ئەدەبیات، بەشی جوگرافیا.

٤. حسێن، بێستون ئەحمەد ٢٠١٣: شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شاری قەڵادزێ، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین.

٥. مەحمود، سنور عەلی ٢٠٢٣، توانستەکانی پەرەپێدانی بەروبومە کشتوکاڵییەکان لە قەزای کەلار، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٦. محمد، شاد حمید ٢٠١٩: ڕادەی گونجاندن لەنێوان پلانی شاری سلێمانی و توانای تۆڕی شەقامەکانی، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان.

٧. محمد، نەرمین عبدالله ٢٠٢٣: وەزیفەی بازرگانی لە شاری کەلار، زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە.

**سەرچاوە كوردييەكان (گۆڤاری زانستی)**

١. کاکە عبدالله، هاوسەر ابراهیم و مجید، صباح عباس ٢٠١٩: گەشەی دانیشتوانی قەزای سەیدسادق لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ ٦، ل١٣٥.

٢. تاليب، جەزا تۆفيق ١٩٩٩: بايەخى جيۆپۆلەتيكى دانيشتوانى هەرێمى كوردستانى عێراق، بڵاوكراوەى سەنتەرى لێكۆڵينەوەى ستراتيجى كوردستان، سلێمانى.
٣. توفيق و ئەوانى تر ٢٠٢٤: شيكردنەوەى شوێنى بۆ چڕبوونەوەى دانيشتووان لە شارى كەلاردا، گۆڤارى زانكۆى گەرميان، خولى (١١)، ژمارە (٢).
٤. زێبارى، طاهر حەسۆ، ٢٠٠٠، ئەو هۆكارانەى كار دەكەنە سەر گەشەكردنى دانيشتوانى هەولێر، گۆڤارى هەولێر، ژمارە(٨).
٥. ئەحمەد، پشتيوان شفيق ٢٠١٢: شيكردنەوەيەكى جوگرافى بۆ دابەشبونى دانيشتوانى شارۆچكەى ڕانيە لەماوەى (١٩٥٧-٢٠٠٦)، بڵاوكراوەى ئەكاديمياى كوردى، چاپخانەى حاجى هاشم، هەولێر.
٦. كريم، ڕۆژان كامران و سعيد، كامران طاهر ٢٠٢٢: گۆڤارى زانكۆى ڕاپەڕين، ژمارە (٣)، ٢٠٢٢/٦/٢٩.

**سەرچاوە كورديیەكان (ماڵپەڕ)**

١. ماڵپەڕى ئيدارەى گەرميان، بەروارى سەردان ٧ى شوباتى ٢٠٢٥. https://garmiyan.com/Darbare.aspx?jimare=1
٢. ماڵپەڕى زانكۆى گەرميان (كۆلێجى پەروەردەى بنەڕەت)، بەروارى سەردان (١ى تەمموزى ٢٠٢٥).

**سەرچاوە كورديیەكان (چاوپێكەوتن)**

١. سەركەوت محەمەد، لێپرسراوى هۆبەى ڕاگەياندنى قايمقامييەتى قەزاى كەلار، (٢٠٢٥/٣/٢٧).

**سەرچاوە (ئامار و داتاكان)**

١. حكومەتى هەرێمى كوردستان، وەزارەتى داد، ئەنجومەنى دادوەرى، سەرۆكايەتى دادگاى تێهەڵچونەوەى ناوچەى كەركوك/ گەرميان، ئامارى دادگاى كەلار، ٢٠٢٥، داتاى بڵاونەكراوە.
٢. مديرية أحصاء السليمانية ٢٠١٢: المؤشرات السكانية والبنى الأرتكازية والخدمية لأقليم كردستان العراق لسنة ٢٠٠٢.

**سەرچاوە عەرەبييەكان (كتێب)**

١. السعدي، عباس فاضل ٢٠١٤: المفصل في جغرافية السكان، الوراق للنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، عمان.
١. العبادى، انعام سميرمحي ٢٠٠٢، قضاء مدائن دراسة في جغرافية السكان ، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية التربية، جامعة بغداد.
٢. البشيري، حمادي عباس حمادي (٢٠٠٥)، التغيرات السكانية في محافظة القادسية (١٩٧٧-١٩٩٧)، دراسة في جغرافية السكان، اطروحة دكتوراه، كلية التربية، ابن الرشد، جامعة بغداد.
٢. عطوى، عبداللة، ٢٠٠١، جغرافية المدن، الجزء الاول، دار النهضة العربية، بيروت.
٣. ابي داود سليمان الاشعت السجستاني الازدي، سنن ابي داود ٢٠٠١، الجزء الثاني، دار المعرفة، بيروت.
٣. احميدان، على سالم والحبيس، محمود ٢٠٠١: جغرافيا السكان (مدخل الى علم السكان)، دار صفاء للنشر والتوزيع.
٤. الحديثى، طه حمادى ٢٠٠٠: جغرافية السكان، دار الكتب للطباعة والنشر، الطبعة الثانية، موصل.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

٥. محمد، خليل اسماعيل ٢٠٠٥: (دهوك- نينوى) دراسات فى الخصائص الديموغرافية للسكان، من منشورات كردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية.
٦. ال منو، نزار سوروشمعون ٢٠٠٥، التباين المكاني لسكان ناحية المنصور، بغداد، (١٩٧٧-١٩٩٧) رسالة ماجستير، كلية التربية، ابن الرشيد، جامعة بغداد.
٧. الخفاف، عبد علي حسن، والريحاني، عبد مخور ١٩٨٦: جغرافية السكان، مطبعة جامعة البصرة، بصرة.
٨. صلاح شعير ٢٠٢٣: التنمية الصناعية بالمدن الجديدة، وكالة الصحافة العربية.
٩. زينى، عبدالحسين وآخرون ١٩٨٠: الأحصاء السكانى، دار المعرفة، بغداد.

**سەرچاوە عەرەبییەکان (نامەی زانکۆیی)**
**سەرچاوەی ئینگلیزی (ماڵپەڕ)**

1. Website of: The World Factbook: Death rate, (2, April 2025).

**List of messages**

Sirjava Kurdiyakan (booklet)

1. Ghafour, Abdou 2012: Geography of Danishtwan, Chapkhani Haji Hashem, Chapı Khem, Holler.
2. Sahawneh, Fawzi Abd and Samh, Musa Aboudah 2009: Geography of Danishtwan, and. This is Amin Shawani, Howler, Chapkhani Mokriani.
3. Saeed, Kamran Taher 2013: The Geography of Iraq (Marchi and Chalkhi Abouri), Chapkhani Narin, Holer.
4. My Government of Kurdistan, 2013, the Ministries of Naokh, Karo Perch, and Chalkani Administration, Garmian, Emad Kurdani In my opinion, I am an administrative expert, Garmian, Chapkhani, Kamal, Soleimani.
5. German Psychology 2024: The German language is full of Chinese language.
6. Hassan, Adnan Al-Sayyed 2002: Geography (Appore-Danishtwan) in Hawchirkh, and. Farman Abdurrahman, Muhammad Fateh, Dezghai Chap, and Khashi Sardim.

Kurdish language (name: zanki)

1. Haji, Iran Hashem and Taffiq, February 2022: What is the geographic meaning of the Danish language, how can I buy shelter? (1957-2020), Givare Zanki Garmian, Khawl 9, Jumar 4.
2. Abdel Qader, Miqdad Hassan, 2014, Shari Kahlar - for his geography, his name is geography, for his geography. Zanisteh Marichvayeh Tehkan, Zanki Soleimani.
3. Mahmoud, Shaswar Muhammad, 2013, Geography with Danishtwani, Qazai Dokan, Master (in Arabic), Zanki Saheddin, Kijliji Edibyat, with geography.
4. Hussein, Beston Ahmad 2013: Geographic history of the country and the history of the Farwanabuni language and the history of Shari Qadze, Master name (in Arabic), about geography, about writing, and about writing about it.
5. Mahmoud, Senour Ali, 2023, Tunisian. (With the help of Karawah), so many people have lost their lives, soleimani's zanki.
6. Muhammad, Shad Hamid 2019: What is the meaning of the language of Shari Soleimani and how much does it take? You are a beautiful woman.

7. Muhammad, Nermin Abdullah 2023: And Zefi Bazarghani and Shari Kelar, Zanki Ghormian, the history of the past and the zaniness of the country, Master Names. With the help of Karawa.

Serchava Kurdiyakan

1. Kaki Abdullah, Hauser Ibrahim and Majeed, Sabah Abbas 2019: Gisha Danishtwani Ghazai Sayedsadaq to Mawi Sakhani (1977-2012), Ghavari Zangi Garmian, 6, l. 135.

2. Taleb, Jaza Taffiq, 1999: A Turkish Danish language, an Iraqi Kurdish Hermit, in the Central African Republic. Kurdistan strategist, Soleimani.

3. Tawfiq and Iwani, 2024: What is the meaning of this story and what is the meaning of the story of Shari Klarda, Gevari Zanki, Garmian, Khawli (11), Jamara (2).

4. Zebari, Taher Hassan, 2000, How to speak the language of the Danish Kurdish language Holler, Guvari Holler, Jamara (8).

5. Ahmad, Pashtaiwan Shafiq 2012: Geographic history of the Danish language in Maoist history (1957-2006), in Ukraine. Kurdish Academy, Chapkhani Haji Hashem, Holler.

6. Karim, Kamran and Saeed, Kamran Taher 2022: Ghavari Zanki Kapeen, Jamara (3), 6/29/2022.

Serjawa Kurdiyakan (Multi)

1. What is the administration of Garmian, Barwari Sardan, Chowpatty 7, 2025. https://garmiyan.com/Darbare.aspx?jimare=1

2. What is the name of Zanki Garmian (like a girl) in Sardan (1 Timothy 2025).

Serchao Kurdiyakan (Chaupikutun)

1. Sarkot Muhammad, the first person to speak to the Qaim of Qazay Kalar, (3/27/2025).

Sirchava (Amar and Datakan)

1. The Government of the Government of Kurdistan, the Ministry of Dad, the Ministry of Dad, the Ministry of Dad, the Ministry of Dad, the Ministry of Dad, the Ministry of Dad, the Ministry of Dad, the Ministry of Health, Kirkuk/Germany, Amari Dadgay Kilar, 2025, data from Karawa.

2. Sulaimaniyah Statistics Directorate 2012: Population Indicators and Infrastructure and Service Providers for the Kurdistan Region of Iraq for the Year 2002.

Sarchawa Arabi (Book)

1. Al-Saadi, Abbas Fadhil 2014: A Comprehensive Study of Population Geography, Al-Warraq Publishing and Distribution, Second Edition, Amman.
2. Al-Abadi, Inam Samir Muhi 2002, Madain District: A Study in Population Geography, Unpublished Master's Thesis, College of Education, University of Baghdad.
3. Al-Bashiri, Hammadi Abbas Hammadi (2005), Population Changes in Al-Qadisiyah Governorate (1977-1997): A Study in Population Geography, Doctoral Dissertation, College of Education, Ibn Rushd, University of Baghdad.
4. Atwa, Abdullah 2001, Urban Geography, Part One, Dar Al-Nahda Al-Arabiya, Beirut.
5. Abu Dawud Sulayman al-Ash'ath al-Sijistani al-Azdi, Sunan Abi Dawud 2001, Volume 2, Dar al-Ma'rifah, Beirut.
6. Ahmidan, Ali Salim and al-Habis, Mahmoud 2001: Population Geography (An Introduction to Demography), Dar Safaa for Publishing and Distribution.
7. Al-Hadithi, Taha Hammadi 2000: Population Geography, Dar al-Kutub for Printing and Publishing, Second Edition, Mosul.
8. Muhammad, Khalil Ismail 2005: (Duhok-Nineveh) Studies in the Demographic Characteristics of the Population, Kurdistan Publications for Strategic Studies, Sulaymaniyah.
9. Al-Manu, Nizar Surushamoun 2005, Spatial Variation of the Population of al-Mansur District, Baghdad (1977-1997), Master's Thesis, College of Education, Ibn Rashid, University of Baghdad.
10. Al-Khafaf, Abd Ali Hassan, and Al-Rihani, Abd Makhwar 1986: Population Geography, Basra University Press, Basra.
11. Salah Shair 2023: Industrial development in new cities, Arab Press Agency,.
12. Zaini, Abdul Hussein and others 1980: Population Census, Dar Al-Ma'rifa, Baghdad.

Arabic language (name: Arabic language)

English secrets (macro)

1. Website of: The World Factbook: Death rate, (2, April 2025).